بسم الله الرحمن الرحيم

ئادابی کۆمەڵایەتی

لە

قورئان و سوننەتدا

ئادابی کۆمەڵایەتی

لە

قورئان و سوننەتدا

ئامادەکردنی

نەوا محمد سعید

بڵاوکردنەوەی بنکەی بانیژ

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

ئادابی ئیسلامی لە کۆمەڵگا

شێوازی هەڵس‌وکەوت‌و ڕەفتار لە نێو کۆمەڵگادا، پێناسەو ماهیەت‌و ناوەڕۆکی گشت ڕێبازو بەرنامەو فیکرە یەك بەدەردەخات. ئیسلامیش کە تاکە بەرنامەی داڕێژراوو بێوێنەی پەروەردگارە، خاوەنی چەند ئاداب‌و ڕەفتارو خووڕەوشتێکی شارستانیەتە، کە لە هیچ بەرنامەی تر بەرجەستە ناکرێ.

ئەم ئاداب‌و ڕەفتارە کۆمەڵایەتیە ئیسلامیانەش، کە لە خوارەوە دەیان هێنینە سەر سفرەی باس، پێویستە مسوڵمانان بە گشتی‌و بێ دریغی‌و کەم‌وکورتی لەنێو خۆیان‌و کۆمەڵدا پیادەی بکەن‌و، بیسەلمێنن کە تەنها ئیسلامە تاکە بەرنامەی نوێ خوازو شارستانیەت، بەرنامەیەك نیە خۆی دوورە پەرێز کات لە کۆمەڵگاو گۆشە نیگاو وشك بێتە بەرچاو.

ئەم ئاداب‌و ئاکارو ڕەوشتانەی باس دەکرێن، بەرنامەی کاری ڕۆژانەی مسوڵمانە، کە دەبێ‌و پێویستە پێوەی پابەند بێت‌و ئیسلامێکی جوان پیشان بدات، کە خەڵك چاوی لێ‌بکەن.

جا مسوڵمان، هەموو قورئانی لەبەربێت، یا (صحیح البخاري ومسلم)ی لەبەربێت، بەڵام لەگەڵ خەڵکی وتە ناخۆش‌و قسە ڕەق بوو، هەست بریندارکەر بوو، ئازاری دڵی خەڵکی دەداو...هتد، ئەوا ئەم قورئان لەبەرکردن‌و فەرمووده لەبەرکردن هیچ سودی نیە، چونکە قورئان‌و سوننەت بۆ پیادەکردن هاتوون؛ نەك بۆ خۆهەڵکێشان‌و تەنها خوێندنەوە.

دیاریشە، کە ئیسلام بە جیهان بڵاوبۆوە، بەهۆی ئاکارو ڕەفتار جوانی بازرگانە مسوڵمانەکان بوو، ئەگینا خەڵك نەهاتن دیراسەی ئیسلام بکەن، ئنجا مسوڵمان بن.

ئیسلام وتەو کردارە، ڕەوشت‌و ڕەفتاری جوانە، ڕەچاوکەری هەستەکانە، دادپەروەری مافانە، کەواتە

مـــسوڵمانیش دەبــێ ڕەنگدانــەوەی ئــەم ئیــسلامە بێــت‌و ئادابەکانی جێبەجێ بکات، وەك لە خوارەوە باس دەکرێن:

١- ئەدەب‌و ئاکاری مسوڵمان لەگەڵ خوادا.

٢- ئــەدەب‌و ئاکــاری مـــسوڵمان لەگــەڵ پێغەمبــەری خوادا ﷺ .

٣- ئەدەب‌و ئاکاری مسوڵمان لەگەڵ دایك‌و باوکی.

٤- ئەدەب‌و ئاکاری مسوڵمان لەگەڵ خزم‌و نزیکانی.

٥- ئەدەب‌و ئاکاری مسوڵمان لە میوانداری.

٦- ئــەدەب‌و ئاکــاری مـــسوڵمان لــە بــەکارهێنانی تەلەفۆن‌و موبایل دا.

٧- ئەدەب‌و ئاکاری مسوڵمان لەکاتی نان خواردندا.

٨- ئەدەب‌و ئاکاری مسوڵمان لە کاتی خواردنەوەدا.

٩- ئەدەب‌و ئاکاری مسوڵمان لە کاتی سڵاوکردندا.

١٠-ئــەدەب‌و ئاکــاری مـــسوڵمان لــە کــاتی مۆڵــەت وەرگرتندا.

١١- ئەدەب‌و ئاکاری مسوڵمان لە کۆڕو مەجلیسدا.

١٢- ئەدەب‌و ئاکاری مسوڵمان لە کاتی قسەکردندا.

١٣- ئەدەبو ئاکاری مسوڵمان لە گاڵتەو سوعبەتدا.

١٤- ئەدەبو ئاکاری مسوڵمان لە کاتی پیرۆزباییدا.

١٥- ئەدەبو ئاکاری مسوڵمان لە کاتی سەردانی نەخۆشدا.

١٦- ئەدەبو ئاکاری مسوڵمان لە کاتی پرسەو تەعزیەدا.

١٧- ئەدەبو ئاکاری مسوڵمان لەکاتی پژمینو باوەشکدان.

ئـەدەب و ئاكاری مسـوڵمان لەگەڵ خـوادا

دیارە گەر چاكە لەگەڵ یەكێك كرا، ئـەوا ڕێـزو ئـەدەب بەرامبەر بـە چـاكەكارەكە دەنـوێنرێ، پێویستیـشە ڕێـزو ئەدەبی بەرانبەر بنوێندرێ.

لە هەموو كەسیش شایستەترو پێویست‌تر، ڕێزو ئەدەبی بەرانبـەر بنوێنـدرێ؛ خـوای بەخـشندەیە، كـە چـاكەو بەخششەكانی نایەتـە ژمـاردن ﴿وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا ۗ إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨﴾ النحل ....ئەگـەر هەرچی چاكەی خودایە بژمێرن، لە ژماردن دوایی نایە﴾.

ئەدەب‌و ئاكاری بەرزنواندن بەرانبەر بە خوای بەخشش كار بەم شێوەیە:

١- بەندایەتی كردنی‌و پەرستنی:

ئەمـەش بـەوە دێتـەدی، كـە بـە تـەواوی ملكەچـی فەرمانەكانی بیت‌و بـە گـەورەی دابنـێی لـە هـەموو كارێكدا.

دیـارە پەرسـتنیش تـەنها لـە نوێـژو ڕۆژووو حـەج‌و زەکات کورت هەڵنەهاتووە، بـەڵکو مانـا فراوانەکـەی پەرستن ئەوەیە، کـە مرۆڤــی مـسوڵمان هـەر کارێـك ئەنجام دەدات، لە کاری ڕۆژانەی لەگەڵ ماڵ‌و منـداڵی، لەگەڵ هاوڕێکانی، لـە کـڕین‌و فرۆشـتنی‌و، لـە کـاری فەرمانبــەریی‌و مامۆســتایەتی، مەبەســتی پــێ ڕەزامەندی خوا بێـت‌و بـە پێـی بەرنامـەو مەنهـەجی شەریعەتی خوا بێت.

جا کە پەرستن (العبادة) ئەم مانا فراوان‌و گشتگیریەی هەبێت، ئەوا خـوای بەخـشندە کردویەتیـە مەبەسـتی بەدیهێنان‌و هێنانەبون، وەك دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾ الـذاريات ...مـن هـەر بۆیە جندۆکەو مرۆم دروست کرد، تابـمپەرستن﴾.

شەرع ناسانیش ئەم فیکرەیان بـەم گوتەیـە گـوزارش کــردووە، کــە دەڵــێن: (النيــة الـصالحة تقلـب العـادة عبادة.... نیەت پاکی‌و باشی، عادەت‌و خوو نەریت بۆ پەرســتن وەردەچــەرخێنێ، کەواتــە نــان خواردنمـان بــە

مەبەستی بەهێزبون بۆ جێبەجێکردنو پیادەکردنی فەرمانەکانی خوا، عیبادەتە، خوێندنو فێرخوازی بە مەبەستی خزمەتکردن بە مسوڵمانان، عیبادەتە، جیهادو خۆبەختکردن لە پێناوی بەرزکردنەوەی دینی خوا، عیبادەتە، لابردنی شتێك لە رێگا، کە ئازار بە مسوڵمانان بگەیەنێ، عیبادەتە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((**إنَّما الأعْمالُ بالنيّات، وإنَّما لكلّ إمرئٍ ما نوى، فمن كانت هجرته الى الله ورسوله فهجرته الى ما هاجر الى الله ورسوله، ومن كانت هجرته الى دنيا يصبها، أو إمرأة ينكحها فهجرته الى ما هاجر إليه**... بەڕاستی ئەنجامدانی کردەوەکان بە پێی نیەتەکانە، هەرکەسو بە پێی نیەتی خۆیەتی، هەرکەسێ کۆچکردنی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی بێت، ئەوا کۆچەکەی بۆ خواو پێغەمبەرە، هەرکەسێکیش کۆچەکەی بەمەبەستی دەستکەوتنی دنیا بێت، یان بۆ ئەوەی ژنێك مارە بکات، ئەوا کۆچەکەی بۆ ئەو مەبەستەیە، کە کۆچی بۆ کردووە)). متفق عليه.

٢- تاعـــەتو گوێڕایەڵی:

گوێڕایەڵی خوا بەجێبەجێکردنی فەرمانەکانیو یاسا بـەپیێزەکانی دێتـەدی، هـەروەها بەدورکەوتنـەوە لـەو کارانەی قەدەغەو حەرامی کردون.

هەندێ لە زانایان تاعەت، بـە بـەردەوام بـون لەسـەر کاری چاکەو پیادەکردنی بەرنامەی خوا راڤـە دەکـەن.

﴿فَٱسْتَقِمْ كَمَآ أُمِرْتَ .... ﴿١١٢﴾ هـود﴾. هـەروا خـوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ فـصلت ...ئەوانەش کە گوتویانە: پەروەردگارمان خودایـەو لـە گفتیان لایان نەداوەو بەردەوام بون لەسەر کاری چـاکە؛ فریشتە دێنە لایانو پێیان دەڵێن: نە بترسـن، نـە خـەم بخۆن؛ مژدەتان لـێبێ گەیشتونە ئـەو بەهەشـتەی، کـە بەڵێنتان پێدراوە﴾.

تاعــەتی خــوا بەڵگــەی ڕاســتیی خۆشویــستنە، سەرپێچیو گوناهیش بەڵگەی ناڕاســتی خۆشویــستنە. گوتراویشە: (إن المحب لمن يحب مطيـع... ئـەو کەسـەی یەکێکی خۆش بویَ بەگوێی دەکات).

خــوا بەخــشندەش بــەڵێنی بــە بەنــدە گوێڕایەڵــە خۆشەویــستەکانی داوە، کــە بەهەشــتی ڕازاوەیــان پیَببەخــــشێت، وەك دەفــــەرمویَ: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ﴿٦٩﴾ النــساء ....هەرکەســێکی بەرفــەرمانی خوداو ئەم پێغەمبەرەبیَ، دەبێتە هاوڕێی ئەوانەی خودا چــاکەی دەگــەڵ کــردون؛ لــە ڕیــزی پێغەمبــەران، خوداپەرســتانی ڕاســتیو شــەهیدانو پیاوچــاکان؛ ئەو هاوڕیَیانێکی چاکیشن ئەمانە!﴾.

هـەروا دەفـەرموێ: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ...﴾ ﴿٣١﴾ آل عمـــران... بڵێ: ئێوە ئەگەر خوداتان خۆشدەوێ، شوێن من کـەون، هەتا خوداش خۆشی بوێن و لە گوناهانشین ببورێ﴾

٣- شەرم کردن لە خوا:

شەرم کردن لە خوا لە گرنگترین پایـەی رێـزو ئەدەبـە بەرانبەر بە خوای گەورە.

(الحياء) شەرم لە زمانەوانیدا مانای پۆشتەیی، هەروا مانای خۆدەرنەخستن، یان ڕازی نەبونە بە شـتێك، کـە پێچەوانەی شـەرعی خوایـە، یـان بـە ئاشـکرا ئـەنجام نەدانی سەرپێچی و گوناهوتاوان.

هەندێ لە زانایان پێناسەی شـەرم (الحيـاء)یـان بـەوە کردووە، کە: ڕەوشت و ئاکارێکە بۆ وازهێنان لـە کـاری ناشیرین و، کەمتەرخەمی نەکردن بەرانبەر بەخاوەن ماف.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی بەوە کردووە، کە شەرم خێرو چاکەی بەدواوەیە. عیمرانی کوڕی حەصین -خـوا لێی ڕازی بێ- گوتویەتی: پێغەمبـــــــەری خوا ﷺ

فەرموویەتی: ((الحياء لا يأتي إلاّ بخير))متفق عليه.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەکدا ڕاڤەی شەرم (الحياء) دەکات‌و دەفەرموێ: ((إستحيوا من الله حق الحياء، قلنا إنا نستحي من الله يا رسول الله والحمدلله، قال: ليس ذلك، الإستحياء من الله حق الحياء: أن تحفظ الرأس وما وعى، والبطن وما حوى، وتذكر الموت والبلى، ومن أراد الآخرة وترك زينة الحياة الدنيا، وأثر الآخرة على الأولى، فمن فعل ذلك فقد استيحى من الله حق الحياء...)) وەك پێویست لە خوا شەرم بکەن، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، سوپاس بۆ خوا ئێمە شەرم لەخوا دەکەین، فەرموی: ئەوها نا. شەرم کردن لە خوا وەك پێویست ئەوەیە، کە سەرت‌و چاوو گوێچکەو زمانت لە گوناهان بپارێزی، زگت‌و ئەوەی لەگەڵ زگدایە لە گوناهان بپارێزی، هەروا یادی مردن‌و ڕزین بکەیت، هەرکەسێ ڕۆژی دوایی بوێ‌و جوانی‌و ڕازاوەیی دنیا واز لێ‌بێنێ‌و بەسەر دنیا هەڵبژێرێ، جا هەرکەسێ ئاوای کرد، ئەوا وەك پێویست شەرمی لە خوا کردووە)) رواه الترمذي عن ابن مسعود.

ئەبولەیسی سەمەرقەندی (شەرم)ی بە دووجۆر داناوەو گوتویەتی: شەرم دوو جۆری هەیە:

١- شەرمێك لەنێوان خۆتو خەڵکدا.

٢- شەرمێك لەنێوان خۆتو خوادا.

شەرم کردن لەنێوانو خۆتو خەڵك ئەوەیە، چاوت بپارێزی لەو شتانەی بۆت حەڵاڵ نیە تەماشای بکەیت. بەڵام شەرمی نێوان خۆتو خوای گەورە بریتیە لە هەست کردنو پێزانین بە بەخششەکانیو، شەرم بکەیت سەرپێچی فەرمانەکانی بکەیت.

٤- شوکرانەبژێری بەخششەکانی خوا:

سوپاسگوزاریو شوکرانەبژێری، یان بەدڵ، یان بە زمان، یان بە کردەوە دەردەبڕدرێ.

شوکرانەبژێری بەدڵ بریتیە لە هەبونی هەستی خێروچاکە نواندن بۆ هەموو خەڵك، چونکە هەموو خەڵك چاو لەدەستی خوانو خۆشەویسترین کەس لای خوا، ئەو کەسەیە بۆ چاو لەدەستەکانی سودمەند بێت.

شـــوكرانەبژێری بـــەزمان بریتیـــە لـــە ســـوپاس و ستایـشكردنی خـوا، هـەروا بـەردەوام زیكروپاڕانـەوەو تەسبیحات كردن.

شـــوكرانەبژێری بـــە كـــردەوەش بـــەوە دێتـــەدی، كـــە ئەندامەكانی جەستە لە جێبـەجێكردنی فەرمانـەكانی خوا بەكاربهێنرێت و، سەرپێچی خوای پێنەكرێت.

دیـــارە شـــوكرانەبژێری نیعمـــەتی چـــاو بریتیـــە لـــە پاراستنی و دانەواندنی لەئاست ئەو شتانەی خوا حەرامی كـــردوون، وەك تەماشـــانەكردنی ئـــافرەتی نامـــەحرەم و گۆڤارە ڕوت و نیمچە ڕوتەكان و فلیمە بێئابڕووەكان.

شوكرانەبژێری زمانیش بریتیە لە غەیبـەت نـەكردن و دوزمانی نەكردن و قسە نەهێنان و نەبردن و تێك نـەدانی نێـــوان دوكـــەس و فیتنـــەیی نـــەكردن و هەســـت بریندارنەكردنی خەڵك و تەریق نەكردنەوەیان.

شوكرانەبژێری هێز و تواناش بریتیـە لـە سەرخـستنی چەوســـاوان و زوڵـــم نـــەكردن و خـــەبات و تێكۆشـــان لەپێناوی خوا.

شوکرانەبژێری نیعمەتی دارایی‌و دەوڵەمەندی بریتیە لە یارمەتیدان‌و کۆمەکی هەژارو نەداران، بەبێ منەت کردن‌و بەچاو دادانەوە.

خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿...لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ ... ﴿٧﴾ إبراهيم ... گەر شوکرانەبژێرم بن بۆتان زیاد دەکەم﴾.

٥- ڕازی بون بەقەزاو قەدەری خواو ئارام گرتن لەکاتی بەڵاو ناخۆشیدا:

باشترین وتە سەبارەت بە قەزاوقەدەر فەرمودەکەی پێغەمبەرە ﷺ، کە ئاراستەی ئیبن عەبباس دەکات‌و دەفەرموێ: ((**يا غلام إني أعلمك كلمات: إحفظ الله يحفظك، أحفظ الله تجده تجاهك، إذا سألت فاسأل الله، وإذا إستعنت فاستعن بالله، واعلم أن الأمة لو إجتمعت على أن ينفعوك بشيء لن ينفعك بشيء قد كتبه الله لك، ولو إجتمعوا على أن يضروك بشيء، لن يضروك بشيء قد كتبه الله عليك، رفعت الأقلام وجفت**

الصحف))... کوڕیژگە! چەند وشەیەکت فێردەکەم: دینی خوا بپارێزە، خوا دەتپارێزێ، خوا بپارێزە، خوا بەرەو ڕوت دێ، گەر داوای شتێکت کرد، تەنها لە خوا داوابکە، گەر داوای فریاکەوتنت کرد کە بە فریات بێ، تەنها هاواری خوا بکە، بزانە گەر هەموو خەڵکی کۆببنەوەو بیانەوێ سودێکت پێ ببەخشن، کە خوا نەینوسیبی، ناتوانن سودت پێ ببەخشن، هەروەها هەموی کۆببنەوە بیانەوێ زیانت پێبگەیەنن، کە خوا نەینوسی بێ، ئەو زیانەت پێناگات، قەڵەمەکان لە نوسین هەڵگیران و پەڕاوەکانیش وشك بونەوە (واتە: قەزاو قەدەری خوا بڕاوەتەوە). رواه الترمذی وقال: حدیث حسن صحیح.

کەواتە: بابای مسوڵمان وەك ئەدەب و ڕێزنواندن بەرانبەر خوای خۆی، ڕازییە بە هەر چ شتێك بەسەری بێت، کە خوا بڕاندوویەتیەوەو پاداشتیشی لەسەر وەردەگرێتەوە، هەرگیز نارەزایی بەرانبەر بە خوا دەرنابڕێ، کە بۆچی ئەم بەڵاو ناخۆشیەی بەسەر

هێناوە، بەڵکو دڵی بەم ئایەتە دەداتەوە کە دەفەرموێ:

﴿...وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ ﴿١٥٧﴾﴾ البقرة

... مژدە بدە بەو کەسانەی خۆڕاگرن، ئەو کەسانەی کە توشی چۆرتمێك دەبن، دەڵێن: ئێمەش هەر ئی خواین‌و هەر بۆ لای ئەو دەچینەوە، خێروبێرو بەزەیی پەروەردگاریان بۆ دەباریێ‌و شارەزا لە ڕێ ئەوانن.﴾

ئـەدەب و ئاکاری مسـوڵمان لەگـەڵ پێغـەمبەری خـوا ﷺ

دیارە مسوڵمانی پابەند بەدینی خواو ژیرو لـەخواترس، هەست بەو پایەو ڕێزەی پێغەمبـەر دەکـات، کـە لەلایـەن خوای گەورەوە لێی نراوە.

هەست دەکات پێغەمبەرێکە هەر لە سەرەتای ژیانی تا کۆتا ژیانی، خاوەنی ڕەوشت بـەرزیو قوربانیـدان بـووە، هەردەم بەخەمی ئوممەتەکەیەوە بووە، کە خوای بەخشندە لە ئوممەتەکەی خۆش ببێو چاوپۆشی لە گوناهەکانیان بکات.

جا پێغەمبەرێك خوای خاوەن شکۆ دەربارەی بفەرموێ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ۝٤ ﴾ القلم ... بەڕاستی تۆ ئاکارو ڕەوشـتت زۆر بـەرزە﴾. ئەمـە گـەورەترین بڕوانامـەو مەدالیایە بۆ پێغەمبەر ﷺ، پێویستە ڕێـزی لـێبگیرێو ئەدەبی لە بەرانبەردا بنوێنرێ.

ڕێزگرتن و ئەدەب نواندنیش فەرمانێکی خوایە، کە دەبێ گشت بڕوادارێك پیادەی بکات و پێغەمبەری لەلا خۆشەویست بێت، ئەوپەڕی خۆشەویستی، دەنگی بەسەردا بەرزنەکرێتەوە وەك خـوا(جلّ جلاله) دەفەرمویّ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرْفَعُوٓاْ أَصْوَٰتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ ٱلنَّبِىِّ وَلَا تَجْهَرُواْ لَهُۥ بِٱلْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَٰلُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴿٢﴾ الحجرات...ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ناشێ دەنگتان سەر دەنگی پێغەمبەر کەوێ. دەنگیش هێندە بەرزمەکەن وەك لەگەڵ یەکترا قسە دەکەن، کە کارتان لـێ پوچەڵ ببێ و خۆتان بەخۆتان نەزانن﴾.

ئەدەب و ڕێزنواندن بەرانبەر بە پێغەمبەری خوا ﷺ بەم شێوەیە دەبێت:

١- گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر و شوێنکەوتنی لـە گـشت کاروبارەکـانی دنیـاو ئاخیـرەت، خـوای گـەورە دەفەرموێ:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوٓا۟ أَعْمَـٰلَكُمْ ﴿٣٣﴾ محمد﴾.

گوێڕایەڵی کردنو بەرفەرمانی پێغەمبەر، مسۆگەری بەهەشتەو سەرپێچی کردنیشی، مسۆگەری دۆزەخە، وەك لە ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((کلّ أمتي يدخلون الجنّة إلاّ من أبى، قيل أو من يأبى يا رسول الله؟ قال: من أطاعني دخل الجنّة، ومن عصاني فقد أبى.... هەموو ئوممەتی من دەچنە بەهەشت، مەگەر ئەو کەسەی خۆی نەیەوێ بچێتە بەهەشت. گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا: کێ هەیە نەیەوێ بچێتە بەهەشت؟ فەرمووی: هەرکەسێ گوێڕایەڵیو بەقسەی من بکات، دەچێتە بەهەشت، هەرکەسێکیش سەرپێچی من بکاتو بەقسەم نەکات، ئەوا نایەوێ بچێتە بەهەشت)) رواه البخاري.

سەبارەت بە شوێنکەوتنی پێغەمبەر لە هەموو کاروبارێك، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ

تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ....
﴿٣١﴾ آل عمران... بڵێ: گەر بەڕاستی خواتان خۆشدەوێ‌و شوێنی من بکەون، خوا خۆشتانی دەوێ‌و لە گوناهیشتان خۆشدەبێ﴾.

٢- هیچ کەس هێندەی پێغەمبەری ئازیز،خۆش نەویسترێ، تەنانەت دایك‌و باوکیش. واتا خۆشەویستی پێغەمبەری نازدار پێش خۆشەویستی دایك‌و باوك‌و هەموو کەسێکە، وەك خۆی ﷺ دەفەرموێ: ((**والذي نفسي بيده لا يؤمن أحدكم حتّى أكون أحبَّ إليه من ولده و والده والناس أجمعين**...سوێند بەو کەسەی گیانی بەدەستە، ئیمانی هیچ کامێکتان تەواو نابێ، هەتا منی لە منداڵی‌و باوکی‌و هەموو خەڵك خۆشتر نەوێت)) متفق عليه.

کەواتە، ئەو کەسەی پێغەمبەری ﷺ وەك پێویست خۆشنەوێ، ئەوا ئیمانی تەواو نیەو دەبێ چاوبەخۆیدا بخشێنێتەوە.

٣- هیچ کەس بە سەردارو پێشەواو ڕابەرو سەرکردەی ڕاستەقینە دانەنرێ، جگە لە پێغەمبەر، چونکە خوا ئەوی هەڵبژاردووەو ئەم نازناوانە هەر لەخۆی دێ. خوا دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ الأحزاب:...بێگومان پێغەمبەری خودا سەرمەشقی چاکە بۆ ئێوەو بۆ هەرکەسێ کە بە خوداو ڕۆژی سەلا هیوادارەو هەر خەریکی یادی خوایە﴾.

٤- ڕازی بون‌و ملکەچی هەر حوکمێک‌و بڕیارێک، کە پێغەمبەری خوا بڕاندویەتیەوە، وەك خوا دەفەرموێ:

﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ النساء... نەخێر (وانیە کە خۆیان بە باوەڕدار پیشان دەدەن) سوێند بە پەروەردگارت، بڕوادار نین، تا تۆ نەکەنە دادوەر لە هەر

ئاژاوە، دوبەرەکیەکی نێوانیاندا، لەپاشان هەست نەکەن لە دەروونیاندا بەهیچ بێزارییەك لەو بڕیارەی تۆ دەیوتە. ملکەچ نەکەن بە ملکەچیەکی تەواو.

ئەم حوکمو یاسایە، تا ڕۆژی دوایی، بەردەوامە. بۆیە هەر کێشەو گرفتێك بێتە پێشەوە، دەبێ بۆ قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەر بگەڕێنرێتەوە، نەك بۆ یاسای دەستکردی مرۆڤی عەقڵ سنوردار. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿...فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ٥٩﴾ النساء... گەر لە شتێك ناکۆك بونو کێشە هاتە پێشەوە، ئەوا بۆ حوکمی خواو پێغەمبەری بگەڕێننەوە﴾.

٥- خۆشویستنو دۆستایەتی کردنی ئەو کەسانەی پێغەمبەری خوا خۆشی دەوێن، هەروا خۆش نەویستنو دۆستایەتی نەکردنی ئەوانەی پێغەمبەر خۆشی ناوێنو ناحەزە پێیان. هەروا دڵخۆش بون بەو شتانەی پێغەمبەر پێی دڵخۆش بووە، حەز نەکردن بەو شتانەی

حەزی پێنەکردوە. بۆیە ﷺ فەرمویەتی: ((...فإذا نَهَيتُكُمْ عَنْ شيءٍ فاجتنبوه وإذا أمَرْتُكُمْ بأمرٍ فأتوا منه ما استطعتم...گەر لە شتێك قەدەغەم کردن، لێی دورکەونەوە، گەر فەرمانم بە کارێکیش کرد بیکەن، ئەوا بەپێی تواناتان جێبەجێی بکەن)) متفق عليه.

٦- هەرکاتێ ناوی پێغەمبەر هات، دەبێ بگوترێ: (صلّى الله عليه وسلم)، چونکە خوای بەرزو مەزن فەرمانی کردووە سەڵاواتی بۆ بنێردرێ وەك دەفەرموێ:

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيْهِ وَسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ٥٦ ﴾ الأحزاب ...خواو مەلائیکەتەکانی سەڵاوات ئەدەن لەسەر پێغەمبەر، ئەی کەسانێ بڕواتان هێناوە سەڵاوات لەسەری بدەنو سەلامی لێبکەن بە سەلام لێکردنێکی گرنگ﴾.

دیارە سەڵاواتی خوا لەسەر پێغەمبەر وەسفو سەناو باس کردنیەتی بە چاکە لەناو کۆمەڵی هەرە بەرزی

مەلائیکەدا، سەڵاواتی مەلائیکە، تزاکردنیانە بۆی لەلای خوا.

٧- زیندوکردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەر، وەك: ڕیش‌و سیواك‌و هاوشێوەکانی‌و گەیاندنی بانگەوازەکەی بە خەڵك، هەروا خۆ دروخستنەوە لەو شتانەی ئەو لە دیندا نەیکردووە، خوا دەفەرموێ: ﴿...وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ...﴾ (٧) الحشر ...ئەوەی پێغەمبەر هێناویەتی لە حوکم‌و یاساو ئاکاری جوان وەریگرن‌و جێبەجێی بکەن، ئەو شتانەش کە لێتان قەدەغە دەکات مەیکەن‌و وازی لێ بهێنن﴾.

خۆیشی ﷺ دەفەرموێ: ((علیکم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديّين، عَضّوا عليها بالنواجذ، وإيّاكم ومحدثات الأمور فإن كلّ بدعة ضلالة...دەست بە ڕێبازو سوننەتەوە بگرن، هەروا دەست بە ڕێو شوێنی خەلیفە سەرڕاستەکانم بگرن، بە ددانەکان بیگرن، نەکەن لە کاروباری دیندا، شت دابهێنن، چونکە هەموو شت داهێنانێك لە دین گومڕایی‌و

سەرلێشواویە)) رواه أبو داود والترمذي وقال حديث حسن صحيح.

خاتوو عائیشە گوتویەتی: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی: ((من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو ردٌّ... هەرکەسێ لەم کارەی دینمان، شتێك دابهێنێ کە لە دینەکەدا نەبێت، ئەوا ئەو شتە داهێنراوە قبوڵ نیەو ڕەد دەکرێتەوە)) متفق عليه.

٨- لەکاتی سەردانیکردنی لە قەبرەکەی‌و مزگەوتەکەی، نابێ دەنگ بەرز بکرێتەوەو ژاوەژاوو دەنگ بکرێت، بەڵکو دەبێ بە ئەدەب‌و ڕێزەوەو بە دەنگێکی نزم سەلامی لێ‌بکرێ. خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرْفَعُوٓاْ أَصْوَٰتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُواْ لَهُۥ بِٱلْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ... ﴿٢﴾﴾ الحجرات... ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ناشێ دەنگتان سەردەنگی پێغەمبەر کەوێ. دەنگیش هێندە بەرز مەکەن، وەك لەگەڵ یەکتردا داخێون؛ کە کارتان لێ پوچەڵ ببێ‌و خۆتان بەخۆتان نەزانن﴾.

ئـەدەب و ئاكـــارى مســوڵمان لەگــەڵ دایـك و بــاوك

شاراوە نیە دایك و باوك بـۆ پێگەیانـدنی ڕۆڵـەكانیان و ئـەوخونی كـردن لـەپێناو بەرژەوەندیـەكانیان چـەندەها زەحمەت و ناخۆشی و موعانات دێتە ڕێگایان، هەروەها بـە تەنگ سۆزو خۆشەویستی ڕۆڵەكانیانـەوە دێـن، بەتایبـەت دایكـی بەسـۆز، كـە زەحمـەت و ئـازاری زۆر دەبینـێ بـۆ پەروەردەكردنی منداڵەكانی، لەبەرانبـەر ئـەم موعاناتـەش تەنها خوای گەورە پاداشتی شایستەی خۆی دەداتەوە.

جا لە بەرانبەر چاكەكانی دایك و باوك پێویستە ڕۆڵەكان وەفـادارو بـە ئەمـەك بـن و، چـاكەكار بـن لەگەڵیانـدا و مافەكانیان نەفەوتێنن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ..پەروەردگارت فەرمانی دا، جگە لەو كەسی دی مەپەرستن، سەبارەت بـە دایك و بابیش چاكە بكەن.(٢٣)الإسراء﴾

﴿وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ حُسۡنٗاۖ ... ئێمە مرۆڤمان ڕاسپارد، لەگەڵ داك و بابی خۆی چاکە بکا ﴿٨﴾ العنکبوت﴾

چاکەکاری لەگەڵ دایك و باوك بەگوێرەی ئەم ئاداب و ئاکارانەی خوارەوە دێتە دی:

١- گوێڕایەڵی کردنیان لە چاکەدا: گوێڕایەڵی دایك و باوك لە خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت، هیچ شتێك لای دایك و باوك ئەوەندە زەحمەت نیە، هێندەی سەرپێچی و گوێڕایەڵی نەکردنی ڕۆڵەکانیان، دیارە ئەمەش دەبێتە ئازاردانی دڵیان و، ڕۆڵەکانیان دەبنە (عاق) واتە: ئازاردەری دڵی دایك و باوك، کە لە گوناهە گەورەکانە.

عن عبدالله عمرو بن العاص قال: قال رسول الله ﷺ: ((الکبائر: الإشراك بالله، و عقوق الوالدین، وقتل النفس، والیمین الغموس ... گوناهە گەورەکان بریتین لە: هاوبەش دانان بۆ خوا، ئازاردان و سەرپێچی دایك و باوك، کوشتنی کەسێك بەناحەق، سوێندی بەدرۆ)) رواه البخاري.

لەم فەرموودەیەدا دوای هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا ئازاردانو سەرپێچی دایكو باوك بە گوناهە گەورەكان دانراوە، بەڵام گوێڕایەڵیكردنی دایكو باوك دەبێ لە چاكەكاریدا بێت، نەك لە گوناهو تاوان، چونكە ((**لا طاعة بشر في معصية الله، إنّما الطاعة في المعروف** ... لە سەرپێچیكردنی فەرمانەكانی خوا، نابێ بەگوێی هیچ كەسێ بكرێ، بەڵكو بەگوێكردن لە چاكەكردنە)) رواه أحمد والبخاري ومسلم.

جا كاتێك دایكو باوك داوا لە ڕۆڵەكانیان دەكەن هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدەن، یان تاوانێك بكەن، نابێ گوێڕایەڵیان بكەن، بەڵام دەبێ چاكەیان لەگەڵدا بكەن، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا ... ئەگەریش هانیاندای شتێ بكەی بەشەریكم كە خۆت هیچی لێنازانی، فەرمانیان بەجێ مەهێنە، لە دنیادا بەخۆشی لەگەڵیانا بژی (١٥) لقمان﴾

ئەو چاکەکردنەی کە خوای گەورە لەم ئایەتـە باسـی دەکات دەبێ بەردەوام بێت‌و نابێ توندوتیـژیان لەگەڵدا بکرێ بە بەهانـەی ئـەوەی موشـریکن، بـەڵکو دەبـێ ڕۆڵەکان جەخت لەسەر مسوڵمانبونیان بکەن، ئەمـەش بە کـردەوەی جـوان‌و زمـان شـیرینی‌و نـەرم‌ونیانی لـە (صحیحین)دا هاتووە، لە عبداللەی کوڕی مەسـعودەوە کە گوتویەتی: سألت النبـي ﷺ أيُّ العمـل أحـبُّ الى الله تعالى، قال: **((الصلاة على وقتها، قلت ثم أيّ؟ قال برّ الوالدين، قلت: ثم أيّ؟ قال: الجهاد في سـبيل الله...** پرسـیارم لـە پێغەمبـەر کـرد، خـوا چ کردەوەیـەکی پێخۆشە، ئەویش فەرمووی: نوێـژکردن لـەکاتی خـۆی، گوتم: پاشان چی دی؟ فەرمووی: چـاکە نوانـدن لەگـەڵ دایک‌وباوک، گـوتم: پاشـان چـی دی؟ گـوتی: خـەبات‌و تێکۆشان لەپێناوی خوا)).

نابێ گوێڕایەڵییان بکـرێ لـە بەشـودانی بـەزۆرو ژن هێنانی بەزۆر، کە کچ‌و کوڕ پێی ڕازی نـین، یـان نابـێ بەقسەی ئەوان، پیاو خێزانەکەی تـەڵاق بـدات، ئـەوەتا

سەبارەت بەم مەسەلەیە پرسیار لە عومەری كوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ) كرا، گەر باوكێك بە كوڕەكەی گوت هاوسەرەكەی تەڵاق بدات، ئیمام عومەر فەرمووی تەڵاقی نەدات، چونكە گوێڕایەڵی لە چاكەكاریدا دەبێت.

٢- نابێ بەرانبەر دایكو باوك نارەزایی و وەڕس بوون دەربڕێ، كە داوای شتێك لە ڕۆڵەكانیان دەكەن خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿...فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا...هەرگیز ئۆفیشیان پێ مەڵێو تێیان مەخوڕەو بە زمانی خۆش بیان دوێنە ﴿٢٣﴾ الإسراء﴾

كەواتە لەكاتی داواكردنی هەر شتێكیان دەبێ بە زمانێكی شیرینو قسەی جوان وەڵامی داواكاریەكانیان بدرێتەوە، ئەمەش فەرمانی خوای گەورەیە، هەروەها لەكاتی داواكاریان وشەی (ئۆف) كە نیشانەی نارەزایی یە، لە بەرانبەریان نەكرێ ، نابێ ڕۆڵەكان دەنگیان بەسەر دایكو باوكیان بەرز بكەنەوەو نابێ بە سوك

سەیر بکرێن‌و بیروبۆچوونیان بەکەم بگیرێ، بەتایبەتی گەر دایك‌و باوك نەخوێندەوار بوون.

لە کاتی ڕوونکردنەوەی شتێکدا، یان ڕوونکردنەوەی دین، دەبێ بە شێوازێکی جوان‌و بە سۆزو میهرەبانی بۆیان ڕوون بکرێتەوە.

هەروەها دەبێ باڵی ملکەچی‌و سۆزیان بۆ ڕابخەین‌و دوعای خێریان بۆ بکەین، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرٗا ...بەبێ فیزی بیانخە ژێر باڵی بەزەیی‌و بڵێ: ئەی پەروەردگارم! وەکو ئەمان منیان بە شلکی پێگەیاند، تۆش وەبەر بەزەیی خۆتیانخە(٢٤) الإسراء﴾

دوعاکردن بۆیان لەدوای مردنیان سودیان پێ‌دەگات‌و پلەیان لە بەهەشت بەرز دەکات وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((إن الله – عزّ وجلّ- ليَرفَع الدرجة للعبد الصالح في الجنّة فيقول: يارباً! أنى لي هذه؟ فيقول؟باستغفار ولدك لك.. خوای گەورە لە بەهەشت

پلەی بەندەی چاك بەرز دەكاتەوە، ئەویش دەڵێ: ئەی پەروەردگارم! ئەم پلەیەم لەكوێ بوو؟ ئەویش دەفەرموێ: بەهۆی داوای لێخۆشبونی كوڕەكەتە بۆتۆ)) رواه أحمد والطبراني في الأوسط ورجالهما رجال الصحيح عن أبي هريرة.

هەركەسێكیش لەكاتی زیندوویی دایكو باوكیدا نەیتوانی بێ چاكەیان لەگەڵدا بكات با لەدوای مردنیان چاكەیان لەگەڵدا بكات، ئەویش بە پاڕانەوە لە خوای گەورە كە لە گوناهیان خۆش بێت.

٣- لە ئادابی چاكەكردن لەگەڵ دایكو باوك ئەوەیە پەیمانو وەسیەتنامەو ڕاسپاردەیان جێبەجێ بكرێ، گەر تاوانو گوناهـ نەبوو، هەروەها ڕێزی هاوڕێكانیان لەدوای مردنیان بگیرێو سەردانیان بكرێ.

پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ((إن أبرَّ البرّ صلة الولد أهل ودّ أبيه... باشترین چاكە ئەوەیە، كوڕ هاموشۆی برادەرو دۆستانی بكاتو ڕێزیان بگری)) رواه مسلم عن عبدالله بن عمر رضي الله عنهما .

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە عن مالك بن ربيعة الساعدي قال: ((بينما نحنُ جلوسٌ عند رسول الله ﷺ إذ جاء رجلٌ من بني سلمة فقال: يا رسول الله! هل بقي من برّ أبويّ شيء بعد موتهما؟ فقال: ((نعم الصلاة عليهما، والإستغفار لهما، وإنفاذ وعدهما من بعدهما، وصلة الرحم التي لا توصل إلاّ بهما، وإكرام صديقهما)) رواه أبو داود والحاكم في المستدرك (٤/١٥٥) وقال: صحيح على شرط الشيخين، ولم يخرجاه، وقال الذهبي: صحيح.

٤- دەبێ ڕۆڵەکان لەبەردەم دایكو باوكدا بەشێوەیەکی جوانو لایەقو ڕێك دابنیشنو، خۆیان دوورخەنەوە لە بێموبالاتی وەك قاچ درێژکردنو قاچ لەسەر قاچ دانانو دەست هەڵبڕین بەرامبەریان، نابێ لەبەردەم ئەواندا ڕۆڵەکان پاڵ بکەون، یان خۆیان ڕووت بکەنەوە، یان بە قاقا پێبکەنن، وە نابی لەکاتی ڕۆیشتن دا پێش باوك بکەونو نابێ لە پێش ئەو دابنیشنو نابێ بەناوی خۆیان بانگ بکرێن، وەك لە فەرموودەی

پێغەمبەردا ﷺ هاتووە: ((عن أبي هريرة أن النبّي ﷺ رأى رجلاً معه غلام، فقال للغلام: من هذا؟ قال أبي، قال: فلا تمش أمامه، ولا تستسب له، ولا تجلس قبله، ولا ادعه باسمه)) رواه ابن السني وعبدالرزاق في مصنفه (١٣٨/١١) وقال حبيب الرحمن الأعظمي معلقاً: (والحيث أخرجه البخاري في الأدب المفرد).

٥- پێویستە لە کاروبارياندا يارمەتيان بدرێ‌و شتيان بۆ هەڵبگيرێ، چونكە زۆر ناشيرينەو بێ‌ڕێزييە، گەر لەگەڵ باوك بەڕێگادا بڕۆی‌و باوك شت هەڵبگرێ‌و كوڕ بەدەست بەتاڵی بڕوات‌و هيچ هەڵنەگرێ. هەروەها كچيش بەهەمان شێوە لە ڕێك‌و پێككردنی ماڵدا دەبێ يارمەتی دايكی بدات.

٦- دەبێ سومعەی دايك‌و باوك بپارێزرێ ئەمەش بەوە دێتە دی كە ڕۆڵەكان زبان بە خەڵك نەگەيەنن‌و خراپەكار نەبن لەگەڵياندا، تاوەكو خەڵكيش بەرپەرچی خراپەكاريەكانيان نەدەنەوە بە جنێودان‌و دڵ بريندار كردن.

نابێ جنێو بە دایكو باوك بدرێ، كە لە گوناهە گەورەكانە، جنێودان بە دایكو باوك بەوە دەبێ كە تۆ جنێو بە دایكو باوكی دژەكەت بدەیو ئەویش جنێو بە دایكو باوكی تۆ بداتەوە، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((من الكبائر شتم الرجل والديه)) قالوا: يا رسول الله! وهل يشتم الرجل والديه؟ قال: ((نعم يَسُبُّ أبا الرجل فيَسُبُّ أباه، ويَسُبُّ أمه... لە گوناهە گەورەكان ئەوەیە، مرۆڤ جنێو بە دایكو باوكی بدات، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! كەس هەیە جنێو بە دایكو باوكی بدات؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەو كەسە جنێو بە باوكی بەرامبەرەكەی دەدات، ئەویش جنێو بە باوكی ئەو دەدات، هەروا جنێو بە دایكی دەدات، ئەویش جنێو بە دایكی دەدات، ئەویش جنێو بە دایكی ئەو دەدات)) متفق عليه.

تێبینی: لەگەڵ باسكردنی ئەدەب لەگەڵ دایكو باوكان، هەندێ لە پاداشتی چاكەكاری لەگەڵ دایكو باوكو هەندێ لە سزاكانی خراپەكارانیان دەكەین:

یەکـــەم: پاداشـــتەکان:

١- بە پلەی یەکەم دەبێ چاکە لەگەڵ دایك بکرێ، چـونکە بەهەشت لەژێر پێیەوە دەسـت دەکـەوێ، روی الإمـام أحمد عن المقدام بن معد یکرب، عن النبّي ﷺ قـال: إن الله یُوصـیکم بأمهـاتِکُم ... إن الله یُوصـیکم بأمهاتِکُم ... إن الله یُوصـیکم بأمهـاتِکُم ... إن الله یُوصـیکم بآبـائِکُم ... إن الله یُوصـیکم بـالأقرب فالأقرب) رواه ابن ماجه من حدیث عبدالله بن عیاش. عن جاهمة مرفوعاً: (ألزمها، فأن الجنّة تحت أقـدامها) رواه الإمام احمـد والنسائي (صحیح) صحیح الجـامع (١٩٢٤) ورواه البخاري في الأدب والطبراني.

٢- دایكو باوك سەرچاوەی بەهەشتو دۆزخنو ڕەزامەندی خوای گەورە بـە ڕەزامەنـدی ئەوانـەوە بەسـتراوەتەوە، وەك لە فەرموودەدا هاتووە: روی ابـن ماجـه عـن أبـي أمامة أن رجلاً قال: یـا رسـول الله! مـا حـق الوالـدین علـی ولـدهما؟ قـال: ((همـا جنّتـك ونـارك)). وروی الترمذي عن ابن عمرو بـن عـاص: أن رسـول الله قـال:

((رضا الرّب في رضا الوالد، وسخط الرّب في سخط الوالد)) ورواه ابن حبان ، انظر السلسلة الأحاديث الصحيحة رقم (٥١٦) ورواه الحاكم في مستدركه (١٥٢/٤) وقال: صحيح على شرط مسلم.

٣- لە دنیادا بەرەكەت دەكەوێتە تەمەنو وەچەو ڕزقەوە، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: **((من سدّه أن يُمدّ له في عمره، ويزداد في رزقه، فَليبرّ والديه، وليصل رحمه))**. رواه أحمد عن أنس، وە دەفەرموێ: **((من بَرّ والديه طوبى له، زاد الله في عمره))** رواه أبويعلى والطبراني والحاكم (وقال: صحيح، وأقره الذهبي والأصبهاني عن معاذ بن أنس.

٤- چاكەكردن لەگەڵ دایك، دەبێتە مایەی سڕینەوەی گوناهو تاوان، (روى الترمذي عن ابن عمر أن رجلاً أتى النبّي فقال: يا رسول الله! إني أصبت ذنباً عظيماً، فهل لي من توبة؟ ((فقال: (هل لك من أم)؟ قال: لا، قال: (هل لك من خالة؟) قال: نعم، قال: فبّرها... ئیبن عومەر گوتویەتی: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەرﷺ و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! گوناهێكی گەورەم

کردوە، ئایا بۆم هەیە تەوبە بکەم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دایکت ماوە؟ گوتی: نەخێر، فەرمووی: خوشکی دایکت ماوە؟ گوتی: بەڵێ، فەرمووی: کەواتە چاکە لەگەڵ ئەودا بکە)). رواه الحاكم بألفاظ متقاربة وقال: صحيح الإسناد.

دووەم: سزاکان:

١- ئازاردانی دڵی دایکو باوك لە گوناهە گەورەکانەو دەبێتە مایەی خەشمی خواو تەماشانەکردن بە چاوی رەحمەت لە رۆژی قیامەتدا، هەروا هۆیەکە بۆ نەچوونە بەهەشت لە (صحیح)ی بوخاریو موسلیم دا هاتووە عن أبي بكر قال: قال رسول الله ﷺ ((ألا أنبئكم بأكبر الكبائر؟)) قلنا: بلى يا رسول الله! قال: ((الإشراك بالله وعقوق الوالدين)) وكان متكئاً فجلس فقال: ((ألا وقول الزور)) فما زال يكررها حتى قلنا ليته سكت. هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((ثلاثةٌ لا ينظر إليهم يوم القيامة: العاقة لوالديه، والمرأة المترجلة، الديوث، وثلاثة لا يدخلون

الجنّة: العاق لوالديه والمدمن الخمر، والمنّان بما أعطى)) رواه النسائي عن عبدالله بن عمر.

٢- ئازاردەری دایكو باوك لە دنیادا تۆڵەو سزای لێدەسەنرێتەوەو بۆ ڕۆژی قیامەت دواناخرێ، وەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: ((**كل الذنوب يؤخر الله ماشاء منها الى يوم القيامة إلاّ عقوق الوالدين، فإن الله يعجله لصاحبه في الحياة الدنيا قبل الممات**... خوا سزای هەموو گوناهێ، ئەوەی حەز بكات، بۆ ڕۆژی دوایی دوادەخات، تەنها ئازاردانی دایكو باوك نەبێت، خوا لەدنیا بەر لەمردنی بابای ئازاردەری دایكو باوك، سزای دەدات.)) رواه الحاكم والأصبهاني عن ابي بكرة.

كەواتە مسوڵمانی بەڕێز

زۆر ئاگاداربە، زۆر بترسێ، زۆر هۆشداربە نەكەی دڵی دایكو باوكت بڕەنجێنیو ئازاریان بدەیت، ئەگینا وەبەر هەڕەشەكان دەكەویو ڕەنجەڕۆ دەبیت، نوێژو ڕۆژەكانت دادت نادەنو چاكەكانت بەتاڵ دەبنەوە، لە دنیاش لەگەڵ دایكو باوكت چۆن ڕەفتار بكەیت، تۆش ئاوات لەگەڵ دەكرێتەوە.

ئــەدەب و ئاكــاری مســوڵمان لەگــەڵ خــزم و نزیكــانی

كاتێك ئیسلام هــات بایــەخێكی زۆری بــە خزمایــەتی و پتــەوكردنی پەیوەندیــەكانی نێــوان كەســوكاردا، هــانی مسوڵمانانیدا كە ئەم پەیوەندیە پــەرە پێبــدەن و تۆكمــەی بكەن. خوای گەورەش فەرمان بە مــسوڵمانان دەكــات، كــە خۆیان بپارێزن لە خۆدوورخستن و پــچڕاندنی پەیوەندیــەكان نێوان خزم و كەسوكار ئــەوەتا دەفــەرموێ: ﴿...وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ النساء ... ئیبن كثیر لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەفــەرموێ: بــەواتای خۆتــان بپــارێزن لــە پــچڕاندنی خزمایــەتی و ســەردانی نەكردنیان، بــەڵكو دەبــێ چــاكەیان لەگــەڵدا بكــەن و ئــەم (صــلة)یە بەجێبهێنن﴾.

(قرطبـي) گوتويەتی: میللەت هاودەنگن لەسەر ئـەوەی کە پەیوەندی خزمایەتی (صلة الـرحم) واجبـەو پـچڕاندنی حەرامە. ئەوەتا ئەسماء لە پێغەمبەری خوا پرسیار دەکات، کـە ئایـا سـەردانی دایکـی بکـاتو ئـەم (صـلة)یـە بەجێبهێنێ؟ پێغەمبـەریش ﷺ فـەرمووی: ((نعـم صِـلي أمك) رواه البخاري ومسلم وأبوداود وأحمد. جا پێغەمبـەر فەرمانی پێکرد کـە سـەردانی بکـات هەرچـەندە دایکـی ئافرەتێکی بێباوەڕ (کافر)ە.

دیارە وشەی (الأرحام) کە لە قورئانـدا هـاتووە ناوێکـە بەکاردێت بۆ گشت خزمو کەسوکارو بەبێ جیـاوازی نێـوان مەحرەمو نامەحرەم. (تفسیر القرطبـي).

جۆرەکانی خزمو کەسوکار (صلة الرحم)

خزم دوو بەشی هەیە: گشتی و تایبەتی.

خزم بەگشتی: ئەوەیـە کـە لـە لایـەن دینـەوە یـەکتری دەگرنەوە لە مافەکاندا، کە پێویستە بەجێبهێنرێ ئـەیش بە خۆشەویستیو پشـتگیریکردینان ئامۆژگاری کردنیـانو

زیان پێنەگەیاندنیان و دادگەری کردن لە نێوانیاندا و بە تیمارکردنی نەخۆشیەکانیان و مافەکانی مردو، وەکو شوشتنیان و نوێژ لەسەر کردنیان دێتەدی.

بەڵام خزم بەتایبەتی: بریتییە لە خزمایەتی لەلایەنی دایك و باوکیەوە، کە پێویستە مافە تایبەتییەکانیان بە زیادەوەش جێبەجێ بکرێ، وەکو نەفەقەدان و سەردانی کردنیان بە مەبەستی لە ئەحواڵ پرسینیان و فەرامۆش نەکردنیان لە هیچ مافێکدا، وەك لە مافە گشتییەکان جەختی لەسەر کراوە.

دیارە چاکەکردن و سەردانی کردنی خزم بە پلەی یەکەم دایك و باوك دەگرێتەوە، ئنجا خوشك و برا، ئنجا بە پێی نزیکتر لە یەکتری، وەك لە فەموودەی پێغەمبەردا هاتووە: ((عن أبي هريرة أن رجلاً سأل النبّي يا رسول الله أيُّ الناس أحق منّي بحسن الصحبة: فقال رسول الله ﷺ: أمّك، قال الرجل: ثم من؟ قال: ثم أمّك، قال: ثم من؟ قال: ثم أمّك، قال: ثم من؟ قال: ثم أبوك)) رواه البخاري ومسلم وابن ماجه وأحمد وإبن حبان.

فقـال رسـول الله: ((**أمّـك وأبـاك، وأختـك وأخـاك، ثـم الأقرب فالأقرب، ثم مولاك الذي يلـي، ذاك حـق واجـب و رحم موصولة**)) أخرجه البيهقي في السنن الكبرى ٤/١٧٩، وأبوداود في سننه (٥١٤٠).

لـە چـاکەکردن لەگـەڵ خـزمو کەسـوکار ئەوەیـە، گـەر کەسێك ماڵوسامانی هەبوو، ویستی صەدەقەو خێر بکات پێویستە لە خزمەکانیەوە دەست پیبکات، ئەوەتا کاتێـك ئەبوطـــەلحەی ئەنـصاری دەیـەوێ زەوییەکـەی لـەپێناوی خـوای گـەورە ببەخـشێ، ئـەویش دەیخاتــە بەردەسـتی پێغەمبەر کە ئـەو بیبەخـشێتەوە، بـەڵام پێغەمبـەر پێـی دەفەرمـوێ: ((**وإنـي أرى أن تعطهـا في الأقـربين**))، واتــە: وادەبینم کە لەنێو خزمەکانتدا ببەخشیەوە. ئەبوطـەلحەش گوتی: وادەکەم ئەی پێغەمبـەری خـوا، جـا ئـەبوطـــەلحە بەسەر خزمەکانیو کوڕە مامەکانی دابەش کـرد، بوخـاری ومسلم وأبوداودو دارمیو مالكو احمد گێڕاویەتیانەوە.

لە فەرموودەیەکی تردا هاتوە، کە صەدەقە کردن بە خزم دوو جـۆرە: صـەدەقەیەو گەیانـدنی صـیلەی رەحمــە، عــن

سلمان بن عامر عن النبّي قـال: ((الـصدقة علـى المـسكين صدقة، والصدقة على ذي الـرحم إثنتـان: صـدقة وصـلة)) اخرجـه أحمـد والترمـذي والنـسائي وابـن ماجـة والـدارمي والحاكم وصححه ووافقه الذهبـي.

تەنانەت گەر خـزمو کـەس‌وکار هاموشـۆیان نـەدەکردو چـاکەیان نـەبوو، خۆیـان دوور دەخـستەوە، پێویـستە مسوڵمانی مولتەزیم صیلەی رەحمی خۆی بـەجێ بهێنـێ‌و پاداشتی خوایی‌و پشتگیری خـوای گـەورەو پلەبـەرزی لـە قیامەت لەدەست نەدات. عن عمرو بـن شـعيب عـن أبيـه عن جده قال: ((جاء رجلٌ الى رسول الله فقال: يا رسول الله أفاكافئهم، فقال ﷺ: (لا) إذن تتركون جميعاً، ولكـن جُـد بالفضل، وصلهم فإنه لن يزال معـك ظهـير مـن الله -عـزّ وجّل- ومادمـت ذلـك)) رواه أحمـد (٢٠٨/٢، ١٨١)، قـال الهيثمي: وفيه حجاج بن أرطاة وهـو مـدلس، وبقيـة رجالـه ثقات ﴿مجمع الزوائد (١٥٤/٨)﴾.

لە فەرموودەیەکی تر دەفەرموێ: عـن أبـي هريـرة عـن النبّـي قـال: ((مـن أراد أن يُـشْرَف لـه بنيانـه ويُرفـع لـه

الـدرجات يـوم القيامـة فليـصل مـن قطعـه، ولـيعط مـن حرمه، وليَعْف عمَّـن ظلمـه، ولـيَحْلُم عمَّـن جهـل عليـه)) تاريخ بغداد(٤/٢١) الكامل (١/١٠٠) لإبن عدي، عن برّ الوالدين لإبن الجوزي (٢٧١).

هـەروەها پاداشـتی صـەدەقەو خێـر بـە خزمێـك، كـە دژايەتيت دەكات نهێنی پاداشتەكەی لە خزمێكی‌تر باشترە وەك پێغەمبـەری خـوا دەفـەرموێ: **((إنَّ أفـضل الـصدقة والصدقة على ذي الرَّحم الكاشح))** أخرجه أحمد (٣/٤٠٢)، والدارمي (١٦٧٩) عن حكيم بن حزام بسند حسن، أنظر صحيح الجامع (١١١٠)، وفي مجمع الزوائد (٣/١١٦) عـزاه لأحمد وللطبراني في الكبير وقال: إسناده حسن.

ديـارە چـاكەكردن لەگـەڵ خـزم‌و كـەس‌وكارو سـەردانی كردنيان دەبێتە مايەی بەرەكەت لە عومرو ماڵ‌و منـداڵ‌و رزق‌و رۆزی، وەك لە فەرموودەكانی پێغەمبـەردا هـاتووەو فەرمان دەكات ئەو كەسەی دەيەوێ حاڵی باش بێت‌و لەش ساغ‌و رزق زۆر بێت، كە ئەمە مانای بەرەكەت‌و زيادبوونی عـومرە، بـا چـاكە لەگـەڵ خـزم‌و كـەس‌وكاری بكـات‌و

سەردانیان بکات، وەك دەفەرموێ: **((مَن أحب أن يمد الله في عمره ويزيد في رزقه فليصل رحمه))** رواه البخاري ومسلم وأحمد عن أنس.

لە گێڕانەوەیەکی ئەبو هورەیرەدا دەفەرموێ: **((مَن أحب أن يبسط له في رزقه، ويُنسأ له في أثره: فليصل رحمه))** رواه البخاري (٥٩٨٥) وعنده في الأدب المفرد (٥٧) والبيهقي في شعب الايمان (٢١٨/٦).

خاتوو عائیشە دەفەرموێ پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: **((صلة الرحم و حُسن الخُلُق و حُسنُ الجوار يُعَمِّران الديار، ويزيدان في الأعمار))** أخرجه أحمد (٢٦٦/٦).

صیلەی رەحمیش گەر تەنها بە سەلام کردن بێت بەجێ دەگەیەنرێ، وەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: **((صلوا أرحامكم ولو بالسلام))** حسن، القضاعي في الشهاب (٦٥٣-٦٥٤). أنظر الصحيحة للألباني (١٧٧٧).

بەڵام گەر مسوڵمان صیلەی رەحم بەجێنەهێنێو لەگەڵ خزمو کەسوکاری چاکەکار نەبێو سەردانیان نەکات، ئەوا خوای گەورە بەهەشتی لێ حەرام دەکاتو ناچێتە

بەهەشتەوە، وەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: **((لا يدخل الجنّة قاطع))** رواه البخاري ومسلم وأبوداود والترمذي وأحمد وابن حبان من جبير بن مطعم.

هەروەها دەفەرموێ: **((الرحم شجنة من الرحمن فمن قطعها حَرَّم عليه الجنّة))** رواه أحمد (١/١٩٠)، و بنحوه عند الحاكم (٤/١٥٧) عن سعيد بن زيد (الشجنة: عروق الشجر المتشابكة).

تەنانەت خوای گەورە کارو کردەوەی ئەو کەسانە قبوڵ ناکات کە صیلەی ڕەحم بەجێ ناهێنن، وە بەخششی خۆی بەسەریاندا ناباریێنێو بێبەشیان دەکات.

عن أبي هريرة أن رسول الله قال: **((إن أعمال بني آدم تُعرض كل خميس ليلة الجمعة، فلا يقبل قاطع الرحم))**. رجال ثقات كما في مجمع الزوائد(٨/١٥١)، وهو عند أحمد في مسنده (٢/٤٨٤).

وعن عبدالله أبي أوفى قال: قال رسول الله: **((إن الرحمة لا تنزل على قوم فيهم قاطع رحم))**. للبيهقي (٧٩٦٢). فانظر مجمع الزوائد (٨/١٥١).

لە کۆتاییدا بابزانرێ کە چاکەکردن لەگەڵ خزم‌و کەسوکار سەردانی کردنیان (دە) خەسڵەتی جوانی لـێ دێتەدی:

١- ڕەزامەندی خوای لـێ بەدەست دەهێنرێ، چونکە خوای گەورە فەرمانی بە صیلەی ڕەحم کردوە.

٢- خۆشی‌و شادی‌و دڵخۆشـیی دەکەوێتـە ناویانـەوە، لـە فەرموودەشدا هاتووە: (باشترین کردەوە، دڵخۆشکردنی بـڕواداره) ئەمـەش لـە (سلـسلة الـصحيحة للألبـاني (١٤٩٤))دا هاتووە.

٣- فریشتەکان پێی دڵخۆش دەبن.

٤- لەلایەن مسوڵمانانەوە ستایش دەکرێ.

٥- ئیبلیس خەفەتی پێ‌دەخوات.

٦- بەرەکەت دەکەوێتە تەمەنیەوە.

٧- بەرەکەت دەکەوێتە رزق‌و ڕۆزییەوە.

٨- مردووەکانی پێی دڵخۆش دەبن، چونکە باب‌و باپیران بە صیلەی ڕەحم دڵخۆش دەبن.

٩- خۆشەویستی پێ زیاد دەبێت.

١٠- دوای مردنی پاداشتی زیاد دەبێ، چونکە کـە باسـی دەکەن بەچاکە دوعا خێری بۆ دەکەن.

ئـەدەبو ئاكـاری مسـوڵمان
لە مـیوانـــداریدا

ڕێزگرتنـی میـوان لـەو فەرمانانەیـە، كـە پێغەمبـەری خوا ﷺ داكۆكی لـیّ‌كردووەو، لەگەڵ ئیمان بـەخواو ڕۆژی دوایی جوت كردووە، وەك دەفـەرمویّ: ((**مـن كـان یـؤمن باللە والیوم الآخر فلیكرم ضـیفة**... هەركەسـیّ بـڕوای بـە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێزی میوانەكەی بگرێـت)). رواه البخاري (١٣/٨) ورواه مسلم (٧٤/٧٥).

میوانداریش چەند ئاداب‌و ئاكـارێكی هەیـە، پێویـستە بابای مسوڵمان پیادەی بكات:

١- پێویـــــستیی‌و داواكاریـــــەكانی میـــــوان بەوپـــــەڕی دڵخۆشییـەوە بەجیّ‌بهێنریّ.

٢- پێشوازی لە میوان بكریّ بە ڕویەكی گـەش‌و خەنـدەوە بەخێرهاتنی بكریّ، هـەروەها لـە شـوێنێكی گونجـاوو لەبار دابنریّ‌و، شوێنی ئاودەسـتی پیـشان بـدریّ، بـۆ نوستن‌و لەخەو هەڵسان كاتی دیاریكراو دابنریّ.

گەر ماڵ گونجاو نەبوو، ماڵەکە گچکەو تەسک بوو، ئەو کاتە دەکرێ لە ئوتێل ژووری بۆ تەرخان بکرێو بەکرێ بگیرێ.

بابای میوانیش نابێ لەدڵی خۆی بگرێ، کە لە ئوتێل ژوری بۆ گیراوە، چونکە هەموو کارێك بەپێی تواناو گونجانە، ((**لا يكّلف الله نفساً إلاّ وسعها**)) نەك سەغڵەتیو زەحمەتیی، لە ئیسلامیشدا نابی مرۆڤ زیان نە بەخۆیو نە بە خەڵکی تر بگەیەنێ ((**لا ضرر ولا ضرار**)).

٣- بابای میوان گەر لە ماڵی هاورێکەی مایەوە، پێویستە لەگەڵ بابای میواندار کاتی دەرچونی دیاری بکاتو لەگەڵی لەماڵ بچێتە دەرەوە، دیاریکردنی کاتیش بۆ ئەوەیە، تا میواندار لەکاتی خۆی دوانەخرێ، هەروا کاتی هاتنەوە ماڵیش دیاری بکەن، نەبادا بابای میوان پێش میواندار بچێتەوە ماڵ.

٤- لە ئەدەبو ئاکاری مسوڵمان نیە، کە بابای میوان بەبێئیزنو مۆڵەتی خاوەن ماڵ لەماڵ دەربچێت،

شتێکی جوان نیـە خـاوەن مـاڵ بـچێتە ژوری میـوان، کەچی بابای میوان بەبێ ئاگاداری ئەو دەرچوبێت.

٥- بابای میوان لە سـێ ڕۆژ زیـاتر نەمێنێتـەوە، نـەبادا ببێتـە مایـەی بـارگرانیو لـەکارکردنی خـاوەن مـاڵ. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((**الضيافة ثلاثة أيام فما زاد فصدقة**... میوانداری سێ ڕۆژە، گەر لەوە زیـاتر بێـت ئەوە خێرە)) متفق عليه، مەگەر خاوەن ماڵ سور بێـت لەسەر زیاتر مانەوەی میوان.

٦- نابێ خاوەن مـاڵ، ئـیش بـە میـوان بکـات، چـونکە دەبێتە مایەی زەحمەتو ناخۆشیی بـۆ میـوان، هـەروا ئەمە ڕێزو ئـەدەب نیـە بەرانبـەر بـە میـوان، هـەروا کارێکی ناجوامێرانەیە.

٧- لە ئەدەبو ڕێزگرتنی میوان ئەوەیە، کە بـەو شـێوازە قسەی لەگەڵ بکرێ، کە دڵـی پـێخۆش ببێـت، هـەروا خۆشـحاڵی بـەهاتنی دەربـبڕێو لـە حـاڵو ئـەحواڵیو کەسوکاری پرسیار بکرێ، هـەروا لەبـەردەمی میـوان نابێ باسی دەستکورتیو نەداری بکرێ، یان لەبەردەمی

ئەودا نابێ خۆ لە منداڵ توڕە بکرێ، یان لە منداڵ بدرێ، نەبادا بە گومانی خۆش نەهاتنی ئەو لێک بداتەوە.

٨- ڕێزگرتنی میوان لەلایەن خواردنەوە، بە پێی دارایی‌و هەبوویی‌یە، نابێ لەتوانا بەدەر خواردنی بۆ ئامادە بکرێ، کە خاوەن ماڵ لەبەری قەرزار ببێتەوە، چونکە ئەسڵی مەبەست ڕوخۆشی‌و گوفتار جوانیە، لە ئیمامی ئەوزاعی‌یان پرسی: ڕێزگرتنی میوان چیە؟ ئەویش گوتی: ڕوخۆشی‌و قسەخۆشیی. بەڵام گەر خاوەن ماڵ دارا بوو، با خواردنی باش بۆ میوان ئامادە بکات بەبێ زیادەڕۆیی کردن.

٩- لەکاتی نان خواردن، نابێ خاوەن ماڵ، پێش میوان دەست لەنان خواردن هەڵبگرێ، چونکە میوانەکە شەرم دایدەگرێ‌و ئەویش دەست هەڵدەگرێ، کە هێشتا تێر نەبووە، گەر خاوەن ماڵ زوو تێر بوو، با خۆی بە کەوچکەکەیەوە بخافڵێنێ، کە میوانەکە هەست بکات، ئەو بەردەوامە لە نان خواردن.

هەروەها دەبێ خاوەن ماڵ ئاگاداری میوان بێ، خواردنی بۆ تێبکات، نەبادا ئەو کەسە شەرم بکات، وەك لە فەرمودەی پێغەمبەرﷺ دا هاتووە، کە ئیبن عومەر گوتویەتی: پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی: **((إذا وضعت المائدة فلا يقوم رجلٌ حتى ترفع المائدة، ولايرفع يده وإن شبع حتى يفرغ القوم، وليعذر فإن الرجل يُخجلُ جليسه، فيقبض يده، وعسى أن يكون له في الطعام حاجة))** سنن ابن ماجه، ج٢، ص١٠٩٦.

واتە: گەر سفرەی نان ڕاخرا، با هیچ کەسێك هەڵنەستێ، هەتا سفرەکە هەڵدەگرن، با دەست لە نان هەڵنەگرێ، ئەگەر چی تێریش بوبێ، هەتا میوانەکان لە خواردن دەبنەوە، با لە خواردنەکە کەمێك زیاتر بخوات، چونکە بە دەست هەڵگرتنی ئەو کەسەی لە تەنیشتی دانیشتووە بە شەرم دادەخات و ئەویش دەست دەکێشتەوە، کە ڕەنگە هێشتا ماویەتی تێر ببێ.

١٠- پێش نان خواردن و لە کاتی نان خواردن باسی شتی وانەکرێ، کە میوان پێی ناخۆشە و بێزی لێ دەبێتەوە و

ئارەزوی پـێدەگیرێ، وەك بـاس نـەكردنی (نەخۆشـی، ڕشانەوە، مشكو جورجو...هتد).

١١- هـەروەها لـە ریزگرتنـی میـوان ئەوەیـە، كـە بـە خۆشحاڵیەوەو بە گوتـەی شـیرین بـەڕێ بكـرێو داوای گەردن ئازایی لـێبكرێ لە هەبوونی كەمتەرخەمیی.

ئــــەدەب و ئاکاری مســـــوڵمان لــە بەکارهێنانی تەلــەفۆن و مۆبـایل دا

گوێچکە بەخششێکی هەستیارو گرنگە، کە خوا بە بەنـدەی خـۆی بەخـشیوە، ئـەم دەزگایـەش دەبـێ لــە گوێبیستنی شتی خراپو نابەجێی بپارێزین‌و، نەهێڵین بە بیستنی قسەی ناشیرین‌و نابەجێ‌و حەرام، ببێتە شـایەت‌و بەڵگە لەسەرمان لە ڕۆژی دواییدا.

دیارە تەلەفۆن‌و مۆبایل لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بۆتـەی پێویـستییەکی بەڵگەنەویـست، کـە دەبـێ بەشـێوەیەکی دروست‌و بەجێ بەکاربهێنرێ، کە کاریگەری خراپی لەسـەر کۆمەڵگە نەبێت.

جا هەندێ ئاداب‌و ئاکارو ڕەوشت هەیە بۆ بەکارهێنانی تەلـەفۆن‌و مۆبایـل، کـە پێویـستە مرۆڤـی مـسوڵمانی ڕاســـتەقینە پابەنـدی بێـت‌و جێبـــەجێی بکـات، کــە ئەمانەن:

١- کـە تەلـەفۆن دەکـەی، دەڵـێی: ﴿ئـەلو...الـسلام علیکم...من (فلانم)﴾، ئنجا چاك‌و چۆنی دەکەیت.

٢- ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئەو کەسانەی کـە پەیوەنـدیان پێوە دەکەیت، نابێ لەکاتی نوستن‌و کـاتی کـارکردن‌و وەك کاتی بەیانییەکی زوو، یـان لـە شـەوی درەنـگ وەخت، یان کاتێك کە دەزانی وەختەکە وەختی نوێژە، تەلەفۆن بکەیت.

٣- لەکاتی تەلەفۆن کردنـدا، درێـژە بـە قـسە نـەدەیت‌و تەلەفۆنەکە مەشغول نەکـەیت، لەوانەیـە خـەڵکانێك هەبن، بیانەوێ پەیوەندیت پێوە بکـەن، یـان بیانـەوێ پەیوەندی بەو کەسـانەوە بکـەن، کـە تەلـەفۆنیان بـۆ دەکەیت...

٤- بۆ حاڵـەتی پێویـست نـەبێ تەلـەفۆن نەکـەیت، وەك سـەردانی نەخۆشـێك، یـان خێروچـاکەیەك، یـان قسەیەکی گرنگ، هەروا تەلەفۆن نەکەیتە ئـامێرێکی گاڵتەو سوعبەت، یان هەراسان کردنی خەڵك...

٥- لەکاتێك لە ئاودەستی، وەڵامی مۆبایل مەدەوە، چونکە شوێنێکە شیاوی قسەکردن نیە...

٦- بۆ پێویستی نەبێت لە شوێنە گشتیەکان وەك ناو پاس و ریم و ئۆتۆمبیل و ڕێگاو قوتابخانەو نەخۆشخانەکان، مۆبایل بەکارمەهێنە.

٧- ئەو مۆبایلانەی کامیرایان تێدایە، نابێ بەبێ مۆڵەتی هیچ کەسێ وێنە بگیرێ، نابێ وێنەی ئافرەتان بگیرێ، کە دوایی وەك هەڕەشە بەرانبەر بە کەسانیان بەکاریان دێنن، هەرچەندە ئەمە لە ڕەوشتی موسڵمانی پابەند بە دینی خوا ناوەشێتەوە..

٨- لەسەر دایك و باوکانی هۆشیار بەدینی خوا، کوڕو کچانیان لەم ئامێرە ئاگادار بکەن و لایەنە خراپ و باشەکانیان بۆ ڕون بکەنەوەو ڕێنماییان بکەن، کە بۆ چ شتێ بەکاری بهێنن و بۆ چ شتێ بەکاری نەهێنن.

ئـــەدەبو ئاکاری مســوڵمان لـــەکـــاتی نـــان خـــواردن

لە کاتی نان خـواردن چـەند ڕەفتارێـك هەیـە ئیـسلام دایناوە، کە پێویستە بە منداڵو گەورەوە پیادەی بکەن:

أ- شوشتنی دەســتەکان پێش نان خواردن:

وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویـەتی ((**برکـة الطعـام الوضوء قَبْلَهُ والوضوء بَعْدَه**: بەرەکەتی خواردن لەوەدایـە، کە لە پێش نـان خـواردن دەسـت بـشۆریو لـە دوای نـان خواردنیش))[١].

هەروەها ئەنەس دەڵێ: گوێم لە پێغەمبـەری خـوا بـوو ﷺ دەیفەرمو: ((**مَنْ أحبَّ أن يكثر الله خير بيتِهِ فليتوضأ إذا حَضَر غِذاؤه وإذا رَفَع**: هەر کەسێك پێی خۆشـە خێـرو بێری ماڵەکەی زۆر بێ با دەســتنوێژ هــەڵگرێ (مەبەستی

---

١) رواه ابو داود والترمذي عن سلمان الفارسي.

دەست شوشتنە) گەر خواردنەكەی بۆ ئامـادەكراو، وە كـە هەڵگیراش))[1].

ب- نـاوی خوا هێنان لەكاتی دەست كردن بە خواردن.

ئەمەش وەك پێغەمبەر فەرمانی كـردووە، كـە خـاتوو عـائیشە -ڕەزای خوای لــێبێ- گوتویـەتی: پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((**إذا أكـل أحـدكم فليـذكر اسـم الله تعالى. فإن نسي أنْ يذكر اسم الله تعـالى في أولـه فليقـل: باسم الله أوله وآخـره**: ئەگـەر یـەكێك لـە ئێـوە خـواردنی خوارد، با ناوی خوا بـێنیو بڵـێ: (بـسم الله)، ئەگـەر لـە سەرەتاوە لە بیری چوو ناوی خوا بێنێ، بـا بڵـێ (بـسم الله أولـه وآخـره) واتـە: بـەناوی خـوا لــە ســەرەتای خــواردنو كۆتاییەكەی))[2].

ئیمام ئەحمەدو غەیری ئەویش دەگێڕنــەوە: ((**أن النبـي ﷺ إذا أكل أو شرب قال: الحمدلله الـذي أطعمنـا وسـقانا وجعلنا مـسلمين**: گەر پێغەمبەر خواردنێكی بخواردایە، یان

---

١) رواه ابن ماجه والبيهقي.
٢) رواه ابو داود والترمذي.

شلەیەکی خواردبوایە، دەیفەرمو: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە خواردن‌و خواردنەوەی پێ بەخشین‌و ئێمەی کرد بە مسوڵمان)).

ج- کە خواردنێکی بۆ هاتە بەردەم ڕەخنەی لێ نەگرێ:

ئەوەشیان سیفەتی پێغەمبەری ئازیزمانە، وەك بوخاری‌و موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕنەوە، کە گوتویەتی: ((**ما عاب رسول الله ﷺ طعاماً قَطُّ: إن اشتهاه أكله، وإنْ كَرِهَهُ تركه**: پێغەمبەری خوا هەرگیز عەیب‌و ڕەخنەی لە خواردن نەگرتووە، گەر حەزی لێ بوایە ئەیخوارد گەر حەزی لێ نەبوایە نەیئەخوارد، وازی لێ نەهێنا)).

ئەم سیفەتە بەرزەی پێغەمبەر ﷺ، هەست ڕاگرتن‌و پێزانینێتی بەرامبەر بەو کەسەی خواردنی بۆ ئامادە دەکات، تا تەریق نەبێتەوەو، لە چێشت ئامادەکردن سارد نەبێتەوە.

د- بەدەستی ڕاستو لەبەردەمی خۆدا خواردن بخورێ:

ئەمەش وەك موسلیم لە عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە ڕەزای خوایان لێ بێ دەگێڕێتەوە، عومەر دەڵێ: (**كُنْتُ غُلاماً في حِجْرِ رسول الله ﷺ وكانت يدي تطيش في الصَّفْحةِ فقال لي رسول الله ﷺ "يا غلام سَمِّ الله وكُلْ بيمينك و كُلْ مما يليك**: منداڵ بووم لە ژێر سەرپەرشتیو چاودێری پێغەمبەری خوا، لە کاتی نان خواردن دەستم بەم لاو ئەم لای قاپەکە دەگێڕا، پێغەمبەری خوا پێی گوتم: ((ڕۆڵە! لە کاتی نان خواردن ناوی خوا بێنە، واتە بڵێ (بسم الله)و بە دەستی ڕاستت بخۆو لە پێش خۆتەوە بخۆ)).

هـ- بە پاڵ کەوتنەوە خواردن نەخورێ:

ئەمەش لەبەر ئەوەی زیانی تەندروستی هەیەو نیشانەیەکی لووت بەرزیو فیزیە. پێغەمبەریش ﷺ، کە بوخاری لە ئەبی جحیفەی وەهبی کوڕی **عبدالله** دەگێڕێتەوە، فەرمویەتی: ((**لا آكل متكئاً**: بە پاڵ کەوتنەوە خواردن ناخۆم)). موسلیم لە ئەنەسەوە

دەگێڕتەوە، کە وتویەتی: ((رأيت رسول الله ﷺ جالساً مقيعاً يأكل تمراً: پێغەمبەری خوام بینیوە بە دانیشتنەوە خورمای دەخوارد.))

و- لە کاتی نان خواردن واباشە قسە بکرێ:

موسلیم لە جابرەوە رەزای خوای لێبێ دەگێڕێتەوە: ((أن النبي ﷺ سأل أهله الأُدُمَ، فقالوا: ما عندنا إلاّ خَلّ، فدعا به فجعل يأكل منه ويقول: نِعْمَ الأُدُمُ الخل، نِعْمَ الادُمُ الخلّ: پێغەمبەری خوا داوای لە خێزانەکەی کرد، کە پێخوری بۆ بێنێ، وتیان تەنها سرکەمان هەیە، جا داوای سرکەی کرد بۆی بێنن. کە هێنایان دەستی کرد بە خواردنی‌و دەیفەرمو: باشترین پێخور سرکەیە، باشترین پێخور سرکەیە).

بەڵام کە قسەدەکرێ، ئەوکەسەی خواردنی لەدەم دایە، با خواردنەکەی قوت بدات، ئنجا قسە بکات، یان کە خواردنی لەدەم دایەو قسە دەکات، با دەست بە دەمیەوە بگرێ، تا خواردنی ناو دەم بەدەر نەکەوێ، چونکە

بەدەرکەوتنی خواردنی ناو دەم، دەبێتە هۆی بێزبونەوەو قێزکردنەوەی بەرامبەرەکەی، هەروەها نەهێڵێ خواردن بە لێوو دەمیەوە بنوسێ، پێویستە دەستەسڕ (کلینکس) بەکاربێنێ بۆ خاوێن کردنەوەی لێوو دەمی لەکاتی نان خواردندا.

ز- گەر میوانی یەکێك بووی، وا باشە دوای تەواوبوون لە نان خواردن دوعا بۆ خاوەن ماڵەکە بکەیت:

ئەبو داودو ترمذی لە ئەنەسەوە دەگێڕنەوە: ((**أن النبيّ ﷺ جاء الى سعد ابن عبادة، فجاء بِخُبْزٍ و زيتٍ فاكَلَ، ثم قال النبيّ ﷺ: أَفْطَرَ عِنْدَكُمُ الصّائمون، واكل طعامكم الابرار، وصلَّتْ عليكم الملائكة** ... پێغەمبەر چوو بۆ لای سەعدی کوڕی عوبادە، جا نان‌و ڕۆنی زەیت‌و (ئەحمەدو تەبەرانی دەڵێن میوژیان) بۆ هێنا، پێغەمبەر نان‌و میوژەکەی خواردو، پاشان دوعای بۆکردن فەرموی: ڕۆژوەوان لە لاتان ڕۆژو بشکێنێ، پیاوی چاك خواردنتان بخوات، فریشتەکانیش ڕەحمەتتان بەسەردا بیارێنن)).

ح- گەر یەکێك لە خۆی گەورەتری لەگەڵ بوو، یەکسەر ئەو دەست بە نان خواردن نەکات:

وەك موسلیم لە کتێبی (صحیح)ی دا لە حوزەیفەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((**كُنَّا إذا حضرنا مع رسول الله ﷺ طعاما لم نَضَعْ ايدينا حتى يبدأ رسول الله ﷺ فيضع يده**: گەر لەگەڵ پێغەمبەری خوا ئامادەی خواردنێك بووباین، هیچ کامێکمان دەستمان بە نان خواردن نەدەکرد، تا پێغەمبەری خوا دەستی بە نان خواردن نەکردبایە)).

کەواتە لەماڵێش، کە خێزان بەیەکەوە نان دەخۆن، هەتا باوك کە سەرۆکی خێزانە، دەست بە خواردن نەکات، با منداڵەکان پێش ئەو، دەست بە نان خواردن نەکەن، کەواتە دەبێ منداڵان وا ڕابهێنرێن پێش باوکیان دەست بە نان خواردن نەکەن.

ع- نیعمەتی خوا، بە تایبەتی خواردن بە کەم دانەنرێ:

وەك موسلیم لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((**كان رسول الله ﷺ اذا اكل طعاماً لَعِقَ اصابِعَهُ الثلاث وقال اذا سقطت لقمة احدكم فليأخذها وَلْيُمِطْ عنها الأذى وليأكلها**

ولا يدعها للشيطان. وامرنا ان نَسْلتَ القِصعة، وقال (إنَّكُم لاتدرون في أي طعامكم البركة: گەر پێغەمبەری خوا خواردنی بخواردایە، هەر سێ پەنجەکانی دەلێسیەوە، جا فەرمویەتی: ئەگەر پاروویەك نان لە دەستان کەوتە سەر زەوی، با هەڵی گرێتەوەو ئەو پیسیەی، کە پێوەی دەنووسێ پاکی بکاتەوەو بیخوات، با بۆ شەیتانی بەجێ نەهێڵێ. هەروا پێغەمبەر فەرمانی پێکردووین، کە قاپی خواردنەکە هیچی تیا نەهێڵین‌و هەمووی بخۆین، فەرمویەتی: ئێوە نازانن لە چ خواردنێکدا بەرەکەتی تێدایە).

❊　❊　❊

ئـەدەبو ئاكاری مسـوڵمان
لە كاتی خــواردنەوەدا

أ- لەكاتی ئاو خواردنەوە یان هەر شـلەیەكی تـر نـاوی خوا بهێنرێ، كە خواردراوەش، سوپاسی خوا بكرێو، بە سێ جار بخورێتەوە:

وەك ترمـذی لـە ئـیبن عـەبباس، ڕەزای خـوای لێبـێ، دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((لا تشربوا واحدا كَشُربِ البعیر. ولكن اِشرَبوا مَثنـی وثـلاث، وَسَمُّوا إذا انتم شَرِبْتم، واحمدوا اذا رفعتم ... وەك حوشـتر بە یەكجار ئاو، یان هەر شلەیەكی تر مەخۆنەوە. بەڵكو بە دووجار، یان سێجار بیخۆنەوەو سـێجار خواردنەوەكـەش، دەبێ لە نێوانیان لـە دەرەوەی جـامو پەرداخـەوە هەناسـە بـدەیت وەك پێغەمبـەر ﷺ ئـاوای كـردووە، ئەنـەس وتویەتی: ((أن رسول الله كـان یتـنفس في الـشراب ثلاثـاً)) رواه احمد (٢١١/٣). لـە كـاتی خواردنەوەیـدا نـاوی خـوا

بێنن، واتە بڵێن: (بسم الله)، کە خواردیشتانەوە سوپاسی خوا بکەن‌و بڵێن (الحمدلله).)).

فوو نەکردن لە ئاو خواردنەوە:

لەکاتی ئاو خواردنەوە، نابێ فو لە ئاوەکە بکرێت (ئەبو سەعید گوتویەتی: پێغەمبەری ﷺ خوا: ((**نهى عن النفخ في الشراب**... قەدەغەی کردووە فو لە خواردنەوە بکرێت))رواه الترمذي (١٨٨٧)وصححه.

ب- پڕ نەکردنی گەدە لە خواردن‌و خواردنەوە:

وەك ئیمام ئەحمەدو ترمذیو غەیری ئەوانیش دەگێڕنەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ، کە فەرمویەتی: ((**ما ملأ آدمي وعاء شَراً منْ بَطنِه، بحسب ابْن آدمَ لُقَيمات يُقِمْنَ صُلْبَهُ، فإنْ كانَ لابُد فاعلاً، فَثُلُث لِطعامِهِ و ثُلُثٌ لِشرابِهِ، وَثُلُثٌ لِنَفسِهِ** ... ئادەمیزاد هیچ کیسەیەکی لە سکی خراپتر پڕ نەکردووە، بۆ ئادەمیزاد بەسە چەند پاروویەك بخوات، تا پشتی پێ رابگیرێ، گەر ئاواشی نەکرد، با سکی بکات بە سێ بەشەوە، سێیەکی بۆ

خواردنو، سێیەکی بۆ خواردنەوەو، سێیەکی تری بۆ هەناسە)).

ج- خواردنو خواردنەوە بە ڕۆیشتنو دانیشتنەوە:

یەکێ لە ئادابو ئاکاری خواردنو خواردنەوە ئەوەیە، دەکرێ بەڕۆیشتنەوەو بە ڕاوەستانو بە دانیشتن خواردن بخورێو خواردنەوە بخورێتەوە. ﴿ئەوەتا (ابن عمر) گوتویەتی: (كنّا على عهد رسول الله ﷺ ناكل ونحن نمشي.. لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ بە ڕۆیشتنەوە خواردنمان دەخوارد﴾ سنن ابن ماجه ٢، ص١٠٩، جا گەر بە ڕۆیشتنەوە جائیز بێت، ئەوا بە ڕاوەستانەوە لە پێشترو دروستترە.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕاوەستانەوە ئاوی خواردۆتەوە وەك ئیبن عەبباس گوتویەتی: ((أتين النبّي بدلو من ماء زمزم فشرب وهو قائم... دەولکەیەك ئاوی زەمزەمم بۆ پێغەمبەر هێنا، ئەویش بە ڕاوەستانەوە خواردیەوە)) متفق عليه .

هەروەها ئیمام عەلی کە ئاویان بۆ هێناوە، دەستو دەمو چاو شوشتوە، ئنجا بە ڕاوەستانەوە بەرماوەی ئاوەکەی خواردۆتەوەو، پاشان گوتویەتی: خەڵکانێك هەن پێیان ناخۆشە بە ڕاوەستانەوە ئاو بخورێتەوە، بەڵام پێغەمبەر ئاوای خواردۆتەوە (بە ڕاوەستانەوە، وەك من بە ڕاوەستانەوە خواردمەوە).

عن علي ﷺ (إنه صلى الظهر ثم قعد في حوائج الناس في رحبة الكوفة حتى غسل وجهه ويديه، وذكر رأسه و رجليه، ثم قام فشرب فضله وهو قائم، ثم قال: إن ناساً يكرهون الشرب قائماً، وإن النبّي صنع مثل ما صنعت) أخرجه البخاري في الصحيح ١٠/٨١)[1].

---

١) مصابيح السنة للإمام البغوي، الجلد الثالث، ص١٧٥.

ئـەدەب و ئاكـاری مسـوڵمان لە سـڵاوكـردندا

سڵاوکردن چەند یاساو ئادابێکی هەیە، کە دەبێ بزانرێ:

أ/ خوای گەورە فەرمانی کردوە بە سڵاو لەیەکتری کردن:

وەك دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَدْخُلُوا۟ بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا۟ وَتُسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَهْلِهَا... ﴿٢٧﴾ النور ... مەچنە ناو خانووێك (ماڵێك)، کە هی خۆتان نیە، تا ڕێگەتان پێ نەدرێ و سڵاو لە ئەهلی ئەو ماڵە دەکەن﴾

هەروەها دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَـٰرَكَةً طَيِّبَةً ... ﴿٦١﴾ النور ...گەر چوونە هەر ماڵێك سڵاوی خوا لەسەر خۆتان بکەن، کە پیرۆزو پاك و باشە﴾.

پێغه‌مبه‌ریش ﷺ فه‌رمویه‌تی، كه‌ موسلیم له‌ ئه‌بوهوره‌یره‌ ده‌گێڕێته‌وه‌: ((**لا تدخلوا الجنّة حتى تؤمنوا ولا تؤمنوا حتى تحابوا أولا أدلكم على شيء إذا فعلتموه تحاببتم؟ أفشوا السلام بينكم**... تا باوه‌ڕنه‌هێنن ناچنه‌ به‌هه‌شت، ئیمانیشتان ته‌واو نابێ، تا یه‌كتریتان خۆش نه‌وێ. ئایا شتێكتان پێ بڵێم گه‌ر بیكه‌ن یه‌كتریتان خۆش بوێ؟ سڵاو له‌ یه‌كتری بكه‌ن)).

ب/ چۆنیه‌تی سڵاوكردن له‌یه‌كتری:

پێویسته‌ خۆمان و ماڵ و منداڵمان به‌وجۆره‌ سڵاو بكه‌ین، كه‌ ئیسلام بۆی دایناوین، ئه‌ویش به‌م شێوه‌یه‌: ئه‌وه‌ی كه‌ سڵاو ده‌كات ده‌ڵێ: (**السلام عليكم ورحمة الله وبركاته**) به‌رامبه‌ره‌كه‌شی له‌وه‌ڵامدا ده‌ڵێ: (**عليكم السلام ورحمة الله وبركاته**) ئه‌مه‌ش به‌ گوێره‌ی فه‌رموده‌ صه‌حیحه‌كانی پێغه‌مبه‌ره‌ وه‌ك ئه‌بو داود و ترمذی ده‌گێڕنه‌وه‌. له‌ عومرانی كوڕی حصین ره‌زای خوایان لێبێ ده‌ڵێ: پیاوێك هاته‌ لای پێغه‌مبه‌رﷺ، گوتی: السلام عليكم، پێغه‌مبه‌ر وه‌ڵامی

دایەوەو پاشان پیاوەکە دانیشت‌و پێغەمبەرفەرموی((دە))
واتە (دە) چاکەی بۆ نووسرا، پاشان پیاوێکی‌تر هاتە لای
گوتی: السلام علیکم ورحمة الله، وەلامی سلاوەکەی
دایەوەو پاشان دانیشت، پێغەمبەر فەرموی ((بیست))
واتە: بیست چاکەی بۆ نووسرا. پاشان پیاوێکی تر هاتە
لای گوتی: (السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته) جا وەلامی
سلاوەکەی درایەوەو پاشان دانیشت، پێغەمبەر فەرموی:
((سی)) واتە سی چاکەی بۆ نووسرا.

هەروەها بوخاری‌و موسلیم لە خاتوو عائیشە رەزای
خوای لێبێ دەگێڕنەوە، کە گوتویەتی: پێغەمبەری خوا
پێی گوتم (ئەمە جبریلە سلاوت لێدەکات)، ئەویش
وەلامی داوەتەوەو فەرمویەتی (وعلیه السلام ورحمة الله
وبرکاته).

ج- یاسار ئاکاری سلاوکردن:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ دەڵێ: پێغەمبەری
خوا ﷺ فەرمویەتی: ((يُسَلِّمُ الرّاكبُ على الماشي، والماشي

على القاعِد، والقليل على الكثير ...سواریی سڵاو لە پیادە دەکات، ئەوەی دەڕوات سڵاو لەو کەسە دەکات، کە دانیشتووە، کۆمەڵێکی کەم سڵاو لە کۆمەڵێکی زۆر دەکەن)[1].

لە گێڕانەوەیەکی بوخاریدا دەڵێ: ((**يُسَلِّم الصَغير على الكبير** ...منداڵ سڵاو لە گەورە دەکات)).

ئەم رێنموویی‌و تەوجیهاتە پیرۆزە، پێویستە خۆمان بە گشتی‌و منداڵەکانمان بە تایبەتی پیادەی بکەین، چونکە سڵاوکردن سیفەتێکی دیارو جیاکەرەوەی ئوممەتی ئیسلامیە لە کۆمەڵانی تر.

د- پەروەردیارو مامۆستا پێویستە سڵاو لە منداڵ بکات:

وەك پێغەمبەرﷺ ئەم ڕەفتارە جوانەی کردووە، وەك بوخاری‌و موسلیم لە ئەنەس ڕەزای خوای لێبێ: دەگێڕنەوە: ((**أنه مرَّ على الصِبيان فَسَلَّمَ عليهم وقال كان**

---

١) بوخاری‌و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

النبيّ ﷺ يَفعَلُهُ: ئەنەس بە لای چەند منداڵێکدا تێپەڕ بووەو سڵاوی لێ‌کردوون، جا گوتویەتی: پێغەمبەر ﷺ ئاوا سڵاوی لە منداڵان کردووە)). لە گێڕانەوەیەکی موسلیم دا هاتووە: ((أن رسول الله ﷺ مَرَّ على غِلْمان فَسَلَّم عليهم ... پێغەمبەر ﷺ بە لای چەند کوڕیژگەیەکدا ڕۆیشتووەو سڵاوی لێ‌کردوون))، هەروەها لە گێڕانەوەیەکی ئەبو داوددا هاتووە: ((أن النبّي ﷺ مرَّ على غِلْمان يَلْعَبون فَسَلَّم عليهم))، لە گێڕانەوەی (ابن السنى)دا پێغەمبەر بە منداڵانی فەرموە: ((السلام عليكم ياصبيان... کوڕەکان! سڵاوتان لێبێ)).

لە ڕاستیدا ئەمەیە ڕەوشتو ڕەفتار بەرزی مسوڵمانو خۆ بە زڵ نەزان، جا گەر ئێمەش خۆمان بە شوێنکەوتەی پێغەمبەر دەزانین، با پیادەی ئەم ئایەتە پیرۆزە بکەین ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴿٢١﴾ الأحزاب ... لە پێغەمبەری خوا پێشەنگی زۆر جوان بۆ ئێوە هەیە﴾.

هـ- وەڵامدانەوەی سڵاوی نامسوڵمان بە (وعليكم):

ئەنەس دەڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((**إذا سَلَّمَ عَلَيكم أهل الكتاب فَقولوا: وَعَلَيكُمْ**...گەر مەسیحیو جولەکە سڵاویان لێ کردن، ئێوە بڵێن: (وَعَلَيكُمْ) واتە: لە ئێوەش))[1]. هەروەها نابێ سەرەتا مسوڵمان سـڵاویان لێ بکات، وەك لە حەدیسی موسـلیمدا هـاتووە: ((**لا تَبْدَؤوا اليهود والنصارى بالسلام**... ئێوە دەستپێشخەری مەکـەن لە سڵاوکردن لە جولەکەو دیانان)).

و- سڵاوکردن سوننەتە، وەڵامدانەوەی واجبە:

(ابن السني) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((**مَـنْ أجابَ السلام فَهُوَ لهُ، وَمَنْ لَمْ يُجِـبْ فَلَـيس منـا** ...هـەر کەسێك وەڵامی سڵاو بداتـەوە ئـەوا خێرەکـەی بـۆ ئـەوە، هەرکەسێك وەڵامی سەلام نەداتەوە لە ئێمە نیە)).

با باوكو دایکانو پەروەردیاران بزانن، کە هەندێك کاتی

---

١) بوخاری و موسلیم گێراویەتیانەوە.

تایبەتی هەیە سڵاوکردن تیایدا باش نیە، وەك لە حاڵەتی: دەستنوێژ هەڵگرتن و لە حەمام، لە کاتێ کەسێك نان دەخوات، یان جەنگ دەکات، ئەو کەسەی یادی خوا دەکات، لە وتاربێژی هەینی، ئەو کەسەی لە مزگەوت ئامۆژگاری خەڵك دەکات، ئەو کەسەی کە بە شتێکەوە سەرقاڵە (پارە دەژمێرێ)و بە وەڵامدانەوەی سەلامەکەی شتەکەی لێ تێك دەچێت، یان لەلای ئاودەستخانە. جا لەو شوێنانەی کە سەلامکردنی تیایدا باش نیە، ئەو کەسەی کە سەلامی لێ دەکرێ، بۆی هەیە وەڵام نەداتەوە.

ئـەدەب و ئاكاری مســـوڵمان لەكاتی مۆڵـەت وەرگرتن

ئیزن و مۆڵەت وەرگرتن چەند ئاداب و ڕەفتارێكی هەیە، كە پێویستە باوك و دایك خۆیان و منداڵەكانیان فێر بكەن و ئاگاداریان بكەن، وەك خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِّن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ طَوَّافُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٨) وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ (٥٩)﴾ النـــور

...ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! با ئەوانەی غـولام و كـەنیزی ئێوەن، ئەو كەسانەش لەئێوە، كـە بلـوغ نـەبون، سـێ جار

ئیزنی لــێ بخوازن: لەپێش نوێژی بەیانیدا، نیوەڕۆیان، کاتــێ شمەکان دادەنێن‌و لەپاش نوێژی خەوتنانیش، کــە ئــەم ســێ کاتە وەختی تەنیایی ئێوەن. لەپاش ئەوە، نە بۆ ئێوە قەیدی دەکا، نە بۆ ئەوان، کە بەدەوروبەرتاندا بێت: ئێوە پێکــەوە تێکەڵن. ئا بەجۆرە خودا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ئاشکرا دەکا. خودا زانای لەکارزانە. هەرکاتێ منداڵەکان بلوغیان بوو -ئەویش وەك ئەوانی پێشوو- گەرەکە ئیزن بخوازن﴾ .

لەم ئایەتە پڕ تەوجیهو ڕێنموویيەدا، خوای باڵا فەرمان دەکات بە باوك‌و دایکان، کــە ئــەو منداڵانــەی هەیانــە چ کوڕو چ کچ، کە نەگەیشتونەتە تەمەنی (١٥) ساڵی واتــە بلوغیان نەبووە، با فێریان بکەن لە ســێ حاڵــەت‌و کاتــدا، دەبێ ئیزن وەرگرن‌و لە دەرگا بدەن، کاتێك پێویــستیەکیان بە باوك‌و دایکیان دەبێ.

سـێ حاڵەتەکەش ئەمانەن:

یەکەم: لــە پــێش نوێــژی بــەیانی واتــە پــێش بــانگ دان، ئەمەش لەبەر ئەوەی دایك‌و باوك لــەو کاتــەدا لــە ژێــر پێخەفێکن، کە لــە وانەیــە ڕووت بــن‌و جــل‌و بــەرگیان

داماڵیبێ بۆ جووت بوون.

دووەم: کاتی نیوەڕۆ، چونکە لەو کاتەش بە تایبەتی لە وەرزی هاوین، کە کاتی پشودانە، لەوانەیە ژن‌و مێرد جل‌و بەرگیان دابکەنن.

سێیەم: لە دوای نوێژی خەوتنان، چونکە ئەو کاتە کاتی نووستن‌و حەسانەوەیە.

خوای گەورە بۆیە ئەم سێ کاتەی داناوە، کە ئیزنی تیا وەربگیرێ، چونکە ژن‌و مێرد لە حاڵەتێك دان، کە پێیان خۆش نیە منداڵەکانیان بەم شێوەیە بیانبینن، کە کاری ئاسایی خۆیان ئەنجام بدەن بۆ چێژ وەرگرتن لە یەکتری.

جا گەر لەم کاتەدا منداڵێکی بچوکیان، لەناکاو بچێتە ژوورەوە ئەم دیمەنە ببینێ، ئەوا یەکسەر لە مێشکی دا چاپ دەبێ‌و کار دەکاتە سەر دەروونی منداڵەکە، کە لەوانەیە ببێتە دروستبوونی رق‌و قینەیەك لە دڵیدا بەرامبەر دایکی، یان باوکی. هەروەها لەوانەشە هەوڵی ئەنجامدانی کارە جنسییەکەیان بدات، کە ئەمەش منداڵ بەرەو هەڵدێرو زوخاوی لادانی ڕەوشت دەبات. ئەمە

سەبارەت بە منداڵی باڵغەوە ئەوە دەبێ لەم سێ کاتەی، کە باس کراو لە کاتەکانی تریش، کە بیانەوێ بچنە ژووری دایكو باوکیان، دەبێ لە دەرگا بدەن، تا ئیزنیش وەرنەگرن نەچنە ژوورەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿وَإِذَا بَلَغَ ٱلْأَطْفَٰلُ مِنكُمُ ٱلْحُلُمَ فَلْيَسْتَـْٔذِنُوا۟ كَمَا ٱسْتَـْٔذَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴿٥٩﴾ النور...﴾.

هەر سەبارەت بە ئیزن وەرگرتنەوە چەند ئادابێکی تر هەیە، کە بۆ گشتی پیادە دەکرێ وەك:

أ/ سەلام کردن پاشان ئیزن وەرگرتن:

وەك ئەبو داود گێڕاویەتیەوە، کە پیاوێك لە بەنی عامر داوای ئیزنی کرد، کە بچێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، کە لە ماڵێك بوو گوتی: ((أَأَلِجُ؟: ئایا بێمە ژوورەوە؟)) پێغەمبەری خوا بە خزمەتگوزارەکەی فەرموو: (بڕۆ لای ئەم پیاوەو شێوەی ئیزن وەرگرتنی فێر بکەو پێی بڵێ: ((قُل السلام علیکم: أأَدْخُلْ)) جا لەو کاتەدا پیاوەکە گوێی لێ بوو، گوتی: ((السلام علیکم. أأَدْخُلْ؟:

سـلاوتان لـێبێ، ئایـا بێمـە ژوورەوە؟)) پێغەمبـەریش ڕێگەی پێداو چووە ژوورەوە.

ب/ لەکاتی ئیزن وەرگرتن نـاوی، یـان سـیفەتی، یـان نازناوی خۆی ئاشکرا بکاتو بڵـێ: من فلانم

لە صحیحی بوخاریو موسـلیمدا هـاتووە: ((عـن أبـي موسـى لَمَّـا جَلَـس النبّـي ﷺعلـى بئـر البـستان، وجـاء ابوبكر فاستأذن ، فقال ابو موسـى مَـنْ؟ قـال: ابـوبكر ثـم جاء عمر فاستأذن فقال: من؟ قال عمر، ثم عثمان كـذلك: ئەبو موسا گوتویەتی: کە لەوکاتەی پێغەمبەرﷺ لەسـەر بیری بیستان دانیشتبوو، ئەبوبەکر داوای ئیزنی کـرد، کـە بێتە لای پێغەمبەرﷺ، ئەبو موسا گوتی کێیە؟ ئـەویش گوتی: ئەبوبەکر، پاشان عومەر داوای ئیزنی کرد، گـوتی: کێیە؟ گوتی: عومەر، پاشان عوسمـان بـە هـەمان شـێوە داوای ئیزنی کرد)).

هەروەها لە صحیحی بوخاریو موسلیم هـاتووە، جـابر دەڵـێ: ((أتيـت النبّـي ﷺفَـدَقَقْتُ البـاب فقـال: مَـنْ ذا؟

فَقُلْتُ: أنا فقال عليه الصلاة والسلام: أنا أنا كأنه كرهها
...چوومە لای پێغەمبەر، لەدەرگام دا، فەرمووی کێیە؟ دەڵێ گوتم: منم، پێغەمبەر فەرمووی: من من؟ پێی ناخۆش بوو بڵێم من من)).

ج- ئیزن وەرگرتن (لە دەرگادان) سێ جارە:

وەك لە صحیحی بوخاریو موسلیم دا هاتووە، ئەبی موسای ئەشعەری گوتویەتی: پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی: ((**الإستئذان ثلاث، فإن أذِنَ لَكَ وإلاّ فارْجِعْ:** ئیزن وەرگرتن (لە دەرگادان) سێ جارە، گەر ئیزنیان دای بێیتە ژوورەوە، ئەوا باشە ئەگینا بگەڕێوە)).

جا لە نێوان ئەم سێ ئیزن وەرگرتنە واباشە بە قەدەر نوێژێکی چوار رکاتی بوەستی نەبادا ئەو کەسەی لە ژوورەوەیە خەریکی نوێژ بێت، یان دەست بە ئاو بگەیەنێ.

د- بە توند لە دەرگـانەدان.

نابێ بە توندی لە دەرگـا بـدرێ، بـا ئەوکەسـە خـاوەن ماڵیش بێ، یان یـەکێك لـە ئەنـدامانی خێـزان بـێ. لـە ئەنەسـەوە ڕەزای خـوای لێبـێ ((إنْ أبـواب رسـول الله ﷺ كانتْ تُقْرَعُ بالأصابع ...بە پەنجـە لـە دەرگـای ماڵـەکانی پێغەمبەر ئەدران))[١].

هەروەها پێشینە صالحەکان بە سـەرەپەنجە لـە دەرگـای ماڵی مامۆستاکانیان ئەدا، کـە ئەمـەش ئەوپـەڕی ڕێـزو ئەدەب دەگەیەنێ. بەڵام هەندێك لە دەرگادان هەیـە کـەوا پێویست دەکات بە توند لە دەرگا بدرێ، ئـەگینا لەوانەیـە گوێیان لێ نـەبێ. بـەڵام گـەر ماڵێـك زەنـگ (جـرس)ی هەبوو، ئەوا دەبێ بە سووکیو لەسەرخۆیی لە جەرەسـەکە بدرێ، کە ئەمەش نیشانەی ڕەوشتو ڕێز دەربڕینە.

١) أخرجه البخاري في الادب المفرد.

هـ- لە كاتی دەرگادان لەلایەكی دەرگا بوەستی:

ئەمەش بۆ ئەوەیە نەبادا لـەكاتی كردنـەوەی دەرگاكـە ئافرەتێكی بێگانە دەرگا بكاتەوەو، توشی ڕوانینی حـەرام ببێت، ئیزن وەرگرتنیش بۆ ئەوەیە تا توشی ڕوانینی حەرام نەبێت، وەك پێغەمبـەر ﷺ جـەختی لەسـەر كـردووە بـۆ هاوەڵە بەڕێزەكانیو فەرمویەسی: ((**إنَّما جُعِـلَ الإسـتئذان مِنْ أجْلِ البَصَر** ...ئیزن وەرگرتن بۆ ئـەوە دانـراوە نـەبادا مسوڵمان تووشی ڕوانینی حەرام ببێت))[١].

هەروەها تەبەرانی لە عبداللەی كوڕی بسر ڕەزای خـوای لێبێ گێڕاویەتیەوە، كە گوتوویـەتی: ((**سَمِعْتُ رسـول اللە ﷺ یقول: لا تأتوا البیوت من أبوابها ولكـن ائتوهـا مـن جوانبها فاستأذنوا. فإن أُذِنَ لكـم فـادخلوا وإلاَّ فـارجعوا:** گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بـوو ئەیفـەرمو: كاتێـك كـە چوونە ماڵێك بەرامبەر دەرگاكـەی مەوەسـتن، بـەڵكو لـە لایەكی دەرگاكە بوەستنو لە دەرگا بدەنو ئیزن وەرگرن، جا گەر ڕێگەیان پێدان بچنە ژوورەوە، بڕۆنە ژوورەوە، ئـەگینا

١) رواه الشیخان.

بگەڕێنەوە دواوەو مەچنە ژوور بە بێ ئیزن پێدانتان)).
هەروا ئەبو داود گێراویەتیەوە: ((كان رسول الله ﷺ اذا أتى باب قوم لم يَستَقبل الباب منْ تِلقاء وَجهه، ولكن من ركنه الأيمن أو الأيسر ويقول: السلام عليكم، السلام عليكم)) ...پێغەمبەری خوا گەر بچویا بەر دەرگای ماڵی کەسێك، بەرامبەر دەرگاکەیان نەدەوەستا، بەڵکو لە لای ڕاستی دەرگاکە یان لای چەپی دەرگاکە دەوەستاو، دەیفەرمو: سڵاوتان لێبێ، سڵاوتان لێبێ)).

و- گەر خاوەن ماڵ گوتی بگەڕێوە دەبێ بگەڕێتەوە:

ئەمەش وەك خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَدْخُلُوا۟ بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا۟ وَتُسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَهْلِهَا ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا۟ فِيهَآ أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤْذَنَ لَكُمْ ۖ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرْجِعُوا۟ فَٱرْجِعُوا۟ ۖ هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ ﴿٢٨﴾ النور ...ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان

هێناوە مەچنە هیچ ماڵێکەوە بە بێ ئیزن وەرگرتن‌و ڕێگە دان‌و سەلام کردن لە خاوەنی ماڵەکە، ئیزن وەرگرتن لە کاتی چوونە ماڵێك بۆ ئێوە باشترو چاکترە، تا هەردەم لە یادتان بێت. جا ئەو ماڵەی کە بۆی دەچن گەر کەسی تیا نەبوو مەچنە ژوورەوە، تا ڕێگەتان پێدەدەن، گەر پێیان گوتن بگەڕێنەوە، ئێوەش بگەڕێنەوە ئەمە بۆ دڵی ئێوە پاکترە﴾.

مسوڵمانی بەڕێز: ئەوە خوای بەرزو گەورە، ڕێرەو قاعیدەیەکی زۆر جوانی بۆ داناوین، دەبا ئێمە لەسەر خۆمان‌و منداڵەکانمان بێنینە دی‌و، بەبێ ئاگاداری خاوەن ماڵ‌و لە دەرگانەدان نەچینە ماڵی هیچ کەسێك، بۆیەش ئەڵێم نەچین وەك ئامۆژگاری، چونکە زۆر کەس هەن بە بەڵگەی ئەمە ماڵی خزمە، یان هاوڕێی گیانی بە گیانیمە، یان ماڵمان تێکەڵاوە، یەکسەر خۆی ئەکات بە ماڵدا.

کاتێکیش گەر گوتیان زەحمەت نەبێ بگەڕێوە، ئێستا کاتم نیە دڵ گران نەبێت، چونکە لەو کاتەی تۆ دەچیتە لای ئەو، لەوانەیە گیروگرفتێکی هەبێ‌و سەلیقەی قسە کردن‌و ڕووخۆشی نەبێ یان لەوانەیە.....هتد.

ئـەدەب و ئاکـاری مسـوڵمان لـە کـۆڕو مەجلـیسـدا

١- هەرکەسێ هاتە کۆڕو مەجلیسێك تەوقـەی لەگـەڵ بکـــرێ:

وەك (ابـــن الـــسني)و ئـــەبوداود لــــە پێغەمبـــەریان گێڕاوەتـــەوە، کـــە فەرمویـــەتی: ((**إذا التقـى المـسلمان، فتصَافَحا وحَمَدا اللهَ تعالى، واستغفرا غفـر الله عـزّ وجـلّ لهما**: گەر دوو مسوڵمان بە یەك گەیشتن‌و، تەوقەیان کردو، سوپاسی خوای گەورەیان کردو، داوای لێخۆشبوونیان کرد، ئەوا خوای بەخشندە لێیان خۆش دەبێ)).

هەروەها ترمذي‌و ئـیبن ماجـەو غـەیری ئـەوانیش لـە بەڕائەوە ڕەزای خـوای لێبـێ دەگێڕنـەوە، کـە گوتویـەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی گوتم: ((**تصافحوا يَـذْهَبُ الغِـلُّ، وتهادوا تحابُّوا و تذهب الـشحناء** ...تەوقە لەگەڵ یـەکتری بکەن، چـونکە تەوقـەکردن ڕق‌و قینـە لـە دڵدا ناهێڵـێ،

دیـاری بـۆ یـەکتری بیـەن، یـەکتریتان خـۆش ئـەوێ و، دوژمنایەتی و ناکۆکی نامێنێ)).

٢- لەو شوێنە دانیشێ، کە خاوەن ماڵ دیاری دەکات:

یەکێك گەر چوو بۆ ماڵێك یان کۆڕێك، پێویستە لـەو شوێنە دابنیشێ، کە خاوەن ماڵەکە بـۆی دیـاری دەکـات، چونکە خاوەن ماڵ باشتر بە حاڵی ماڵەکەیەوە ئەزانێ. لـە کۆنیشەوە گوتراوە: ((**أهل مكة ادرى بشعابها** ...خـەلکی شـاری مەککـە شـارەزاترن بـە ڕێگـەو پـێچ و پـەناکانی شاخەکانیەوە)).

هەروا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**وَمَنْ دخل دار قـوم فَلْيَجْلِسَ حَيْثُ أمروهُ فإن القـوم أعلـم بعـورة دارهـم**: گـەر یەکێك چووە ماڵی قەومێك، با لەو شوێنەدا دابنیشێ کـە پێی دەڵێن: لێی دابنیشە، چونکە ئەو قەومە (ئەو کەسە) چاکتر دەزانێ بە حاڵ و باری ماڵەکەی و، دەزانــێ کوێنــدەر جێگەی ئەوە نیە تووشی ڕوانینی حەرام ببێ))[١].

---

١) مجمع الزوائد.

٣- لە ناوەڕاستی کۆڕو مەجلیس دانەنیشێ:

ئەبو داود بە ئیسنادێکی (حسن) لە حوزەیفەی یەمانییەوە ڕەزای خوای لێبێ دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ ((لَعن مَنْ جَلَسَ في وسط الحلقة ... پێغەمبەر ﷺ نەفرینی لەو کەسە کردووە، کە لە ناوەڕاستی کۆڕو دانیشتنێکدا دائەنیشێ)). هەروەها ترمذي لە ئەبی میجلەز دەگێڕێتەوە: ((أنَّ رَجُلاً قَعَدَ وَسَطَ حَلقة فقال حُذَيفة : مَلْعونٌ على لسان محمد ﷺ مَنْ جلس وسط الحلقة ...پیاوێك لە ناوەڕاستی دانیشتنێك دانیشتبوو، حوذەیفەش گوتی: لەسەر زمانی پێغەمبەرەوە نەفرین لەو کەسە کراوە، کە لە ناوەڕاستی کۆڕو مەجلیسدا دادەنیشێ)) .

دانەنیشتن لە ناوەڕاستی مەجلیسدا ڕەفتارێکی جوانی کۆمەڵایەتییە، کە پێویستە مسوڵمان ئاگادار بێ، چونکە دانیشتن لە ناوەڕاستی مەجلیسدا پشت کردنە لە هەندێك لەو کەسانەی ئامادەی دانیشتنەکەن، کە ئەمەش شتێکی جوان نیە. بەڵام گەر کۆڕو مەجلیسێك شوێنەکەی بچووك و

تەسك بوو، خەڵك ناچار بوو لە ناوەڕاست دابنیشن، ئەوەیان قەیناكەو گوناهی تیا نیە، خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ: خوای گەورە لە دیندا ئەو ئەركانەی لەسەردا نەناون، كە دەبێتە مایەی بارگرانایی‌و ناخۆشی‌و لە تواناادا نەبوون﴾.

٤- لەنێوان دوو كەس دانەنیشێ بەبێ ئیزن وەرگرتنیان:

وەك ترمذي‌و ئەبو داود لە عەمری كوڕی شوعەیب ئەویش لە باوكی‌و لە باپیرەی دەگێڕنەوە، كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((لا يحل لِرَجُلٍ أنْ يَفَرِّقَ بَيْنَ اثْنَيْنِ إلاَّ بإِذْنِهِما ...حەڵاڵ نیە بۆ یەكێك كە لەگەڵ دوو كەسدا بێ‌و بە بێ ئیزنیان ئەوان بەجێ بهێڵێ)). بە مانای پێویستە ئەوان ئیزن بدەن، ئەو كەسە بڵێ: (ڕێگە هەیە بڕۆم؟).

لە گێڕانەوەیەكی ئەبی داود هاتووە: ((لا يجلسُ بَيْنَ رَجُلَيْنِ إلاّ بإذنهما ...هیچ كەسێك لە نێوان دوو كەس بەبێ ئیزنیان دانەنیشێ)). بە مانای داوای ڕێگە دانیان لێ بكات‌و بڵێ (ڕێگە هەیە لەگەڵتان دابنیشم؟).

٥- ئەو کەسەی دەچێتە لای یەکێك، یان دەیەوێ بچێتە مەجلیسێك، دەبێ لەکۆتایی مەجلیسەکە دابنیشێت:

وەك ئەبو داودو ترمذي لە جابری کوڕی سەمرە-ڕەزای خوایان لێبێ- دەگێڕنەوە، کە گوتویەتی ((**كُنَّا إذا أتَيْنا النَّبِي ﷺ جَلَسَ أحَدُنا حَيْثُ يَنْتَهِي** ...گەر بچوینایە کۆڕی پێغەمبەر، ئەوا هەر یەکێك لە ئێمە لە کۆتایی مەجلیسەکە دادەنیشت)).

ئەم جۆرە ڕەفتارە بۆ مرۆڤێکی ئاساییە، بەلاَم گەر یەکێکی خاوەن پلەو پایەو زانیاری هات، ئەوا قەیناکە خاوەن مالَ لە شوێنێکی گونجاوو تایبەتی دابنێ.

٦- لە دانیشتنی سێ کەسدا، با دوو کەسیان قسە بە نهێنی نەکەن:

وەك بوخاریو موسلیم لە عبداللە کوڕی مەسعود -ڕەزای خوای لێبێ- دەگێڕنەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((**إذا كُنْتُم ثلاثة فلا يَتَناجى اثنان دونَ الثالثِ مِنْ أجْلِ أنَّ ذلك يَحْزُنُهُ**: گەر سێ کەس بوون لە دانیشتنێکدا، با دوو کەسیان قسە بە نهێنی نەکەن بە بێ‌کەسی سێهەم، چونکە بەمە دلَی گران دەبێو پێی

ناخۆشە)). لەوانەیە بڵێ باسی من دەکەن، یان گومانی تریان پێ ببات. بەڵام گەر لە مەجلیسەکە لە سێ کەسی زیاتری تیدا بوو، ئەوا قەینا کە قسە بە نهێنی بکرێ لە نێوان دوو کەس، بە مەرجێ لەوە نەترسن کە مەجلیسەکە بە گشتی گومانی خراپیان پێ نابەن.

قسەنەکردن بەنهێنیو چرپەچرپ بە ئامادەبوونی سێکەس، ئەوەش دەگرێتەوە، کە بە زمانی جیا قسە بکرێت، جا ئینگلیزی بێت یان تورکی بێت...هتد، کە دروست(جائیز) نیە، پێویستە مسوڵمان خۆی دووربگرێ لەم رەفتارە، بە واقیعیش ئەمە دەبینین، کە زۆربەی تورکمانەکان کاتێك بەیەك دەگەن، بەتورکی قسەدەکەن، بێگوێدان بە کەسی سێهەم، کە ئایا پێی ناخۆشە، یان نا.

٧- گەر یەکێك لە مەجلیسەکە بۆ پێویستی یەك چووە دەرەوە، نابێ شوێنەکەی بگیرێتەوە، گەر بەنیاز بوو بگەڕێتەوە ناو مەجلیسەکە:

وەك موسلیم لە ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((إذا قام أَحَدُكُمْ مِنْ

مَجْلِسٍ ثُمَّ رَجَعَ إليه فَهُوَ أحَقُّ بِهِ: گەر یەکێك لە ئێوە لە مەجلیسێك هەڵساو پاشان گەڕایەوە ناو مەجلیسەکە، خۆی لە هەموو کەسێك شایستەترە بە شوێنەکەی خۆی)).

٨- پێش ئەوەی لە مەجلیسەکە هەڵسێو بەجێی بێڵێو بڕوات، داوای ئیزن بکات:

وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((**إنّما جُعِلَ الإستئذان مِنْ أجلِ البَصَرِ** ...داوای ڕێگەپێدان بە هاتنەژوورو چوونەدەر بۆ ئەوەیە، تا تووشی ڕوانینی حەرام نەبن)). دیارە ئەمەش بۆ پاراستنو ڕێزو حورمەتی ماڵەکەیە.

٩- دانیشتن بە ئەدەبو ڕێزەوە:

هەرکەسێ لە کۆڕو مەجلیسێك دانیشت، دەبێ بە ئەدەبو ڕێزو ویقارەوە دابنیشێ، نابێ گەمە بە ڕیشی بکاتو خۆی بە ئەنگوستیلەکەیەوە خەریك بکات، نابێ دەست لە لوتی وەربدات، نابێ زۆر باوێشك بدات.

لە مەجلیسەکە دەبێ تەماشای چاوی ئەو کەسە بکات، کە قسەی بۆ دەکات، نابێ ڕوی لەو کەسە وەربگێڕێ.

با زۆر قسە نەکات، بە بەقەدەر شانو بالای خۆی هەڵنەڵێ، با قسەی کەس نەبڕێ

١٠- پێش ئەوەی هەڵسن لە مەجلیسەکە دوعای کەفارەت بخوێندرێ:

وەك حاکم لە ئەبی بەرزە -ڕەزای خوای لێبێ- دەگێڕێتەوە، کە گوتویەتی: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ بیویستایە لە مەجلیسێك هەڵسێ دەیفەرمو: ((**سبحانك اللهم وبِحَمْدِكَ أشهد أنْ لا إله إلا أنْتَ أستغفرك وأتوب أليك**))، جا پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! تۆ قسەیەك دەکەیت کە پێشتر ئەمەت نەدەگوت. پێغەمبەر فەرموی ﷺ: ((**ذلك كَفّارةُ لِما يكون في المَجْلِسِ** ...ئەم دوعایە کەفارەتی ئەو قسانەیە، کە لە مەجلیسەکە گوتراوە)).

ئـــەدەب و ئاکـــاری مســـوڵمان لـەکـاتی قسـە کـردندا

لــەو ڕەفتــارە چــاكو كۆمەلآيەتيانــەی، كـە پێويــستە مسوڵمان لێـی بـەئاگابێ‌و بـە گرنگـی دابنـێ، شـێوازی گفتوگۆو قسەكردن لەگەڵ خەڵكە، پێويستە دايـكو بـاوك منداڵەكانيان لـێ بەهرەمەند بكەن‌و ڕێنماييان بكـەن بـە پێی تەوجیهاتەكانی خواو پێغەمبەری پەروەردیار ﷺ.

ئەمەش چەند شێوازو ئادابێكی گفتوگۆو قـسە كردنـە لەگەڵ خەڵك:

أ- بە هێمنی‌و لەسەرخۆ قسـەكردن:

بوخاری‌و موسلیم لە خـاتوو عایـشەوە -ڕەزای خـوای لێبێ- دەگێڕنەوە: ((**ما كانَ رَسول يَسْرد الحديث كَسِردِكُم هذا، يَحْدِثُ حديثا لَوْ عَدَّهُ العادّ لأَحْصَاهُ**: پێغەمبەری خوا ﷺ كە قسەی دەكرد وەك ئێوە قسەی نەدەكرد، بەیەك لە

دوای یەك، بەڵكو بە شێوازێكی وا قسەی دەكرد، كە گەر یەكێك پێویستبوایە بیژمێری، كە چەند وشەی فەرموە دەیتوانی بیژمێرێ))، هەروا ئەبوداود لە خاتو عایشە - ڕەزای خوای لێبێ- دەگێڕێتەوە، كە گوتویەتی ((كَانَ كلامُهُ ﷺ فَصْلاً يَفْهَمُهُ كُلُّ مَنْ سَمِعَهُ: پێغەمبەر كە قسەی دەكرد لە نێوان وشەكان بەینی ئەدایە، بەشێوەیەكی وا هەر كەسێك گوێی لێبوایە تێدەگەیشت چی فەرموە.

لەم فەرمودە بەڕێزانە بەدەردەكەوێ، كە مرۆڤی مسوڵمان شێوازی قسەكردنەكەی، پێویستە بەهێمنیو لەسەرخۆ بێ، تا خەڵك لێی تێبگەن، نەك هێندە بە خێرایی قسە بكات بۆ خۆیشی نەزانێ چی ئەڵێ، بە تایبەتی وتاربێژ، نابێ ئەم سیفەتەی تیا بێ، كە زۆر لە وتاربێژان لەم هونەرە بێبەشنو خۆشیان بێبەش كردووە، نوێژكەران هەر لە سەرەتای وتارەكەی، تا كۆتاییەكەی لەقسەكانی حاڵی نابن.

ب- زیادەڕۆیی نەکردن لە بەکارهێنانی وشەی پاراو:

یەك لە ئادابی قسەکردن ئەوەیە، کە زیادەڕەوی نەکات لە بەکارهێنانی وشەی پاراو لە قسەکردنداو، زمان لوسی نەکات. وەك ئەبوداودو ترمذي بەسەنەدێکی (جید) لە ئبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێ- دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: **((إنَّ الله عزّ وجلّ يُبْغِضُ البَليغَ مِنَ الرجال: الذي يخلل بِلسانه كما تَتَخَلَلُ البَقَرُ بِلِسانِها:** خوای گەورە ڕقی لەو کەسانەیە، کە لەکاتی قسەکردندا زمان لوسی دەکەن و دەمی خۆیان خوار دەکەن لە قسەکردنداو زمانیان لول دەدەن وەك کە مانگا خواردن بە زمانی لول دەدات و کاوێژ دەکات.

هەروا لە صحیحی بوخاری و موسلیم هاتووە لە ئەنەسەوە، کە پێغەمبەر ﷺ **((ان اذا تكلم بكلمة اعادها ثلاثاً حتى تفهم عَنْهُ... وكان ﷺ يَتَكَلَّمُ بِكلام فَصْلٍ وهِزْرٍ وَلا نزر، وَيَكْرَهُ الثرْثَرَة في الكلام والتشَدُّقَ بِهِ** ...کاتێك کە پێغەمبەر قسەی دەکرد وشەکانی سێجار دوبارە دەکردەوە تا تێی بگەن،... کە قسەی دەکرد لە بەینی دەربڕینی

وشەکان بەینێکی هەبوو نە زۆر، نە کەم. پێغەمبەر ﷺ زۆر قسەکردن و دەم پانکردنەوەی بەلاوە زۆر پێ ناخۆش بوو و ڕقی لێ دەبۆوە)).

دەبا ئێمە ئەم فەرمودانە لە خۆمان بێنینە دی و خێزان و منداڵەکانیشمان فێرکەین، کە زۆر قسە نەکەن و زیادەڕۆیی تیا نەکەن و زمان لوس نەبن و دەم پان نەکەنەوە و بە هێمنی قسە بکەن.

دیاریشە ئەو کەسەی زۆر قسە بکات، هەڵە زۆر دەکات.

ج- گفتوگۆکردن بە شێوازێك، کە خەڵك لێی تێبگەن.

مسوڵمانی ژیرو تێگەیشتوو لە ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ، هیچ کاتێك بە شێوازێك قسەکانی و وشەی نامۆ بە خەڵك بەکارناهێنی، بەڵکو گشت کاتێك هەوڵ دەدات، کە قسە دەکات یان وتار دەدات، یان نووسین دەنوسێ، بە گوێرەی تێگەیشتنی خەڵکەکە بێت. وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:

((أُمِرنا مَعَاشِرَ الانبياء أنْ نُحَدِّثَ الناس على قدر عُقُولِهم ...ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران فەرمانمان پێکراوە بە

گوێرەی عەقڵی خەڵکەکە، قسەیان لەگەڵ بکەین))[١].

هەروەها لە (صحیح) ی بوخاری هاتووە لە عەلی بە مەوقوفی: ((حَدِّثوا الناس بما يَعْرِفونَ أتُحِبونَ أنْ يُكَذَّبَ اللهُ ورَسُولُه ...خەڵك چۆن دەزانێ‌و تێدەگا، ئاوا قسەیان لەگەڵ بکەن. ئایا پێتان خۆشە خواو پێغەمبەرەکەی بە درۆ بخرێتەوە)).

لێرەدا ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە، کە قسەنەکردن بەگوێرەی عەقڵی خەڵك، بەدرۆخستنەوەی خواو پێغەمبەرە.

لە پێشەکی (صحیح)ی موسلم هاتووە لە ئیبن مەسعودەوە -رەزای خوای لێبێ-، کە گوتویەتی: ((مَا أنت بِحُدِّثٍ قوماً حديثاً لا تُبْلِغُهُ عُقُولُهُمْ إلاّ كانَ لِبَعْضِهم فِتنةٌ ...هەر کاتێك تۆ قسە لەگەڵ قەومێك بکەی‌و بەگوێرەی عەقڵی ئەوان نەبێ، ئەوا ئەم شێوازە قسەکردنە بۆ هەندێکیان دەبێتە فیتنەو ئاشوب)).

---

١) رواه الديلمي بسند ضعيف بەڵام شایەتی لەسەر زۆرە، کە ئەم حەدیسە (حسن لغيره) (كتاب كشف الخفا).

لەم تەوجیهاتە پڕشنگدارانەدا، پێغەمبەر ﷺ دەیـەوێ بە چاوساغ‌و مامۆستایان‌و وتاربێژان‌و ئەدیبان‌و نووسەران‌و ڕابەرانی ئەم پەیامە بەڕێزە ڕابگەیەنێ، کە کاتێك ئامۆژگاری خەڵك دەکەن، وتار دەبێژن، شت ئەنووسـن، بـا بـەگوێرەی تێگەیشتن‌و عەقڵی ئەم خەڵکە بێ‌و وشەی نامۆ‌و ناڕەسەن‌و بێگانە بە سروشتی مسوڵمانان بەکارنـەهێنن‌و، مەهێننـە ناو ئەدەبی ئیسلامی ڕەسەن، بە بیانووی ئەوەی ئـەمڕۆ وا پێویست دەکات‌و لوغەی عەصرە، کە ئێستا زۆر لە نوسەران هەن، چ عەلمانی‌و چ بەناو نوسەری ئیسلامی، جۆرە وشەی غەریب‌و عەجیب لە نووسینیانا بەکاردێنن وەك (پراکتیك‌و ئەلتەرناتیف‌و مۆدێرن‌و ستراکتۆرو لۆژیـك‌و سۆسـۆلوژی‌و ئیبستیمۆلۆژیاو هەمە چەشنەی ئەم وشە غەریبانە!!) کـە ئەمە بەڕاستی هیچ کاتێك لە خزمـەتی ئـەدەبی ڕەسـەنی ئیسلامی‌و کوردی نیەو، هیچ سوودێك نابەخشێ، خەڵکیشی لێی تێ‌ناگات، مەگەر تەنها مەبەستیان پێ ئەوە بێ، کـە خۆیان بە ڕۆشنبیر پیـشان بـدەن‌و خۆیـان جیاکەنـەوە لـە خەڵك‌و خۆیان پێ بەدەرخەن. ئـەم شـێوازی بـەکارهێنانی

وشە غەریبانە، غەزوی زمانەکەمانەو، دەیانەوێ گیانی زیندویی لێ بستێنەوە، دەبا ئەم نوسەرانە لە خوا بترسن و بەخۆیان دابێنەوەو بەقسەی پێغەمبەری ئازیزمان بکەن، با بەگوێرەی عەقڵی خەڵك شت بنووسن، وتار بدەن و قسە بکەن، گەر خۆیان بە مسوڵمان لەقەڵەم دەدەن و شوێنکەوتەی پێغەمبەری خوان، گەرنا، با ناوێکی تر بۆخۆیان هەڵبژێرن.

د- قسەکردن بە شێوازێکی وا نە زۆر کورت و نە درێژو وەرزکەر:

لە ئادابی شیرینکردنی قسەو گفتوگۆ ئەوەیە، نەگاتە رادەی کورت برینەوە، یان درێژدادڕی و خەڵك لێ وەرز بوون. ئەمەش بۆ ئەوەیە، تا ئەو کەسەی گوێ ڕائەگرێ، بە دڵ گوێ بگرێ. موسلیم لە جابری کوڕی سەمرە -ڕەزای خوای لێبێ- دەگێڕێتەوە، جابر گوتی: ((**كُنْتُ أُصَلِّي مَعَ النَّبِيِّ ﷺ، فكانَتْ صَلاتُهُ قَصْداً، وَخطبَتُهُ قَصْداً** ...لەگەڵ پێغەمبەری خوام نوێژ دەکرد، جا نوێژەکەی و وتارەکەی مام ناوەندی بوو)) واتە: نە زۆر کورت و نە زۆر درێژ بوو. هەروەها ئیمام ئەحمەدو ئەبو داود لە حەکیمی کوڕی حزام

-ڕەزای خــوای لێبــێ- دەگێڕێتــەوە، کــە گوتوویــەتی: ((**شَهِدْتُ مَعَ رَسُولِ الله ﷺ الجُمُعَةَ فَقَامَ مُتَوكِئاً على عصا -أو قوس- فَحَمَدَ الله وأثْنى عليه، فَكَانَتْ كَلِماتٍ خَفِيفات طَيِّبات مُبارَكات** ...لەگەڵ پێغەمبەری خـوا لـە نوێژی هەینی ئامادە بووم، جا پێغەمبەر لەسەر گۆپاڵێك- یان کەوانێك- وەستاو سـوپاسو ستایـشی خـوای کـردو، چەند وشەیەکی سوكو پیرۆزو باشی گوت)).

هـ- گوێ ڕاگرتــن بۆ ئەوکەسەی قســە دەکات:

لە ڕەفتاری جوانی مسوڵمان ئەوەیـە، کاتێـك یـەکێك قسەی بۆ دەکات گوێی بۆ شل بکاتو، خۆی بە شتێکەوە سەرقاڵ نەکات، یـان تەماشـای تەلـەفزیۆن یـان، ڕوی لـە شتێکی دی نەبێت، کە قسەی بۆ دەکرێ.

هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر کاتێـك، کـە پێغەمبـەر ﷺ قسەی بۆ دەکـردن، زۆر بـە گرنگییـەوە گوێیـان بـۆ ڕادەگرتو خۆیـان بـە شـتێکی تـرەوە سـەرقاڵ نـەدەکرد. پێغەمبەریش ﷺ گوێی بۆ ئەو کەسە دەگرت، کە دەهاتە لای قسەی لەگەڵ دەکرد، یان پرسیارێکی لـێ دەکرد.

هەندێ کەس هەیە، کە قسەی بۆ دەکەی، خۆی بە شتێکەوە خەریك دەکات، یان ڕوی لەتۆ نیە، بەڕاستی ئەوە بێڕێزییە، مسوڵمان دەبێ هەستیار بێت، هەستی خەڵك ڕابگرێو گوێ بۆ قسەکانیان شل بکات، ئەگینا کەسی قسەکەر بە چاوێکی سوكو ناڕێزانە دێتە بەرچاوی.

و- قسەکردن بە خەندەو ڕوخۆشیەوە:

ئیمام ئەحمەد لە ئوم دەرداءەوە -ڕەزای خوای لێبێ- دەگێڕێتەوە، کە گوتویەتی: کاتێك ئەبودەردا قسەی دەکرد بە خەندەوە قسەی دەکرد، خەڵکیش دەیانگوت ئەبودەردا گەمژەیە (لەبەرئەوەی بە خەندەوە قسە دەکات). ئەبودەردا گوتی: نەبینیومەو نەبیستوومە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ قسەیەکی کرد بێ، بەخەندەوە نەیگوتبێ. جا ئەبودەردا کاتێك قسەی دەکرد دەم بەخەندە بوو، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ ئاوای کردووە.

هەروەها موسلیم لە سەماکی کوڕی حرب دەگێڕێتەوە، کە گوتویەتی: ((قُلْتُ لجابر بن سمرة رضي الله عنه: أكُنْتَ تُجالِسُ رَسول الله ﷺ؟ فقال جابر: نَعم كثيراً. كان رسول

الله ﷺ لا يَقوم مِنْ مَصَلاَّهُ الذي فيه يُصَلِّي الصُبْحَ حتى تَطْلِعَ الشمس، فإذا طَلَعَتْ قام، وكانوا يَتَحَدَّثونَ - والرسول جالِسٌ - فَيَأخُذُون في أمْرِ الجاهليةِ فَيَضْحَكُونَ، وَيَتَبَسَّمُ ﷺ ...بە جابری کوڕی سەمرەم گوت: ئایا لە کۆڕو دانیشتنی پێغەمبەرﷺ ئامادە دەبووی؟ جابر گوتی: بەڵێ، زۆربەی جار ئامادە دەبووم. پێغەمبەری خوا ﷺ لەو شوێنەی خۆی هەڵنەدەستا، کە نوێژی بەیانی تێدا دەکرد، تا ئەوکاتەی ڕۆژ هەڵدەهات، ئەوکاتە هەڵدەستاو دەڕۆیی، جا لەو کاتەی، کە پێغەمبەر دادەنیشت، هاوەڵە بەڕێزەکانی باسی کردەوەی پێشانی جاهیلی خۆیان دەکرد، کە چیان کردووە، جا دەستیان دەکردە پێکەنین، پێغەمبەریش خەندەی دەهاتە سەر لێو)).

ئەمانەی باسکران ڕەفتاری مسوڵمانی مولتەزیمە، تا کردەوەکانی پێ بڕازێنێتەوە، خۆی لەکاتی قسەکردنو گفتوگۆدا شیرین بکات.

ئـــەدەب و ئاکـــاری مســـوڵمان لەکـــاتی گـــاڵتـــەو ســـوعبەتدا

مرۆڤی مـــسوڵمان بـــۆی هەیـــە گاڵتـــە لەگـــەڵ براکـــەی بکات، بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراوداو، نەبێتە بێئاگایی لە یادی خواو ڕەنجاندنی دڵی برای مسوڵمان.

گاڵتەکردن چـەند ئـادابێکی هەیـە، کـە زۆر پێویـستە مسوڵمانان پەیڕەوی بکەنو پابەندی بن، کە ئەمانەن:

أ- زۆر گـالّتەنەکردنو زیادەڕەوی تێدا نەکردنی:

وەك ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێ- گوتویەتی:

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((لَسْتُ مِـنْ دَدٍ، وَلا الدَّدُ مِنِّـي ...من نە ئـەهلی یـاریو گاڵتـەو لـەهوم، نـە ئەوانیش لە مـنن))[1]. زۆر گاڵتـەکردن وا لـە مـسوڵمان دەکـات، کـە ئەرکـە ئاسـاییەکەی لـەبیر بـچێتەوە، کـە

١) رواه البخاري في (الادب المفرد) والبيهقي.

بەندایەتی خواو گێڕانەوەی حوکمی خوایــە لەســەر زەوی‌و، پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی چاک‌و پاک‌و ساڵحە.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کـە نابــێ مــسوڵمان گاڵتــەو یارییەك نەكات، بەڵام ئەمە ئــەوە دەگەیــەنێ، کــە کــاتی جدیەت دەبێ جدی بێ، گاڵتەکردن هەموو دڵمان دانەگرێ، دەنا خۆ هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەریش گاڵتــەو یارییــان کــردووە، وەك بوخــاری لــە (الادب المفــرد) بــاس دەکــات: ((كانَ أصْحابُ النبّي ﷺ يَتَبادَحُون بالبَطيخ: هاوەڵەکانی پێغەمبــەر بــۆ گاڵتــەو یــاری، کاڵــەکیان بــۆ یــەکتری دەهاویشت‌و بەیەکتری یان دائەدا)).

لە ڕاستیدا زۆر گاڵتەکردن دەبێتە مراندنی دڵ‌و، ڕق لە یەکتری بوونەوەو نەمانی هەیبــەت‌و ویقــار، وەك ئیمــامی عومــەر -ڕەزای خــوای لێبــێ- فەرمویــەتی ((مَــنْ كَثُــرَ ضحكه قلت هيبته ومَنْ مَزَحَ استُخِفَّ بِهِ ...هەر کەسێك زۆر پێبکــەنێ، هەیبــەت‌و ویقــاری کــەم ئەبێتــەوە، هــەر کەسێك سوعبەت‌و گاڵتە بکات پێی سووك دەبێت)).

ب- لە کاتی گاڵتەکردنەکەدا نابێ مەبەستت پێ ئـازار گەیاندن‌و دڵ ئێشانی هیچ کەسێ بێ:

زۆر کەس هەن تەنانەت لە نێـو مـسوڵمانانیش گاڵتـە ئەکرێ، کە مەبەسـتی پـێ ئـازاردانی دڵـی مـسوڵمانانە، دیارە ئەمەش کارێکی ناشیاوی مسوڵمانانەو پێغەمبـەری خوا قەدەغەی کردووە، لەم جـۆرە گاڵتانـەی، کـە دەبێتـە ئازاردان‌و هەست بریندارکردنی مسوڵمان وەك لە سـونەنی ئەبی داودو ترمذي هاتووە، لـە عبـدالله کـوڕی سـائیبەو ئـەویش لـە باوکییـەوە لـە باپیرەیـەوە، کـە گـوێی لـە پێغەمبەری خوا ﷺ بـووە ، کـە دەیفـەرمو: ((**لا يأخُذَنَّ أحَدُكُمْ مَتاعَ أخيه لاعباً وَلا جاداً، وَمَنْ أخَذَ عَـصا أخيـهِ فَلْيَرُدَّهـا** ...با هـیچ کەسێك لـە ئێـوە شـتێکی براکـەی بەگاڵتە، یان بەڕاستیش لێـی نـەبات‌و نەشـارێتەوە، هـەر کەسێکیش گۆپاڵی براکەی برد با بۆی بگێڕێتەوە)).

لـە جـەنگی (خنـدق) زەیـدی کـوڕی سـابت لەگـەڵ مسوڵمانان خۆڵی ئەگواستەوە، پاشـان زۆر مانـدوو بـوو، سەرخەوێکی شـکاند، جـا عمـارەی کـوڕی حـەزم هـات‌و

چەکەکەی لێبرد، کە پێغەمبەرﷺ ئەمەی زانی یەکسەر قەدەغەی ئەم کارەی لێکرد.

هەروەها بەزارو تەبەرانیو ئیبن حەبان لە عامری کوڕی رەبیعەوە -رەزای خوای لێبێ- دەگێڕنەوە، کەوا پیاوێک پێڵاوی پیاوێکی بردو بەگاڵتەوە لێی شاردەوە، جا کە ئەمەیان بۆ پێغەمبەر گێڕایەوە، پێغەمبەرﷺ فەرموی: ((لا تُرَوِّعوا المُسْلِم، فإنَّ روْعةَ المسلم ظُلْمٌ عظيم ...مسوڵمان مەترسێنن، چونکە ترساندنی مسوڵمان زوڵمو ستەمێکی زۆر گەورەیە)). هەروەها ئەبو داود لە عبدالرحمنی کوڕی ئەبی لەیلا دەگێڕێتەوە، کە گوتویەتی: هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ دەڕۆیشتن، پاشان پیاوێک لەوان خەوی لێکەوت، جا هەندێکیان هەڵسان ئەو گوریسەی کە ئەم پیاوە پێی بووە لێیان بردووەو...پیاوەکە هەڵساوەو ترساوە. ئینجا پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی: ((لاَ يَحِلُّ لمسلمٍ أنْ يُرَوِّعَ مُسلماً ...بۆ مسوڵمان حەڵاڵ نیەو حەرامە برا مسوڵمانەکەی بترسێنێ)).

جا ئێمە لە کوێ لە ئاست ئەم فەرمودە بەڕێزانە لەکاتێکدا خۆمان بە شوێنکەوتەی ڕێبازی ئیسلام دادەنێین.

ج- له‌ گاڵته‌كردندا نابێ قسه‌ی درۆی تیا بێ:

زۆر كه‌س هه‌ن لـه‌ دانیـشتنی مه‌جلیـسێكدا بۆئـه‌وه‌ی بڵێن فلانه‌كه‌س سوعبه‌ت چی‌و قسه‌ی خۆشه‌، هه‌ڵده‌ستێ به‌گێڕانه‌وه‌ی نوكته‌ی درۆو پێكه‌نین هێنه‌ر، له‌وانه‌شه‌ خـۆی به‌ مسوڵمان بزانێ، بێ ئاگاشه‌ له‌ هه‌ڕه‌شـه‌ی پێغه‌مبـه‌ری خواﷺ له‌و كه‌سانه‌ی، كه‌ قسه‌ ده‌گێڕنه‌وه‌ به‌درۆ تا خـه‌ڵك پێ بكه‌نن. وه‌ك ئه‌بو داودو ترمذي‌و نه‌سائی‌و به‌یهه‌قی له‌ بوهزی كوڕی حه‌كیم له‌ باوكی له‌ بـاپیره‌ی -ڕه‌زای خوایـان لێبێ- ده‌گێڕنه‌وه‌، كه‌ گوتویـه‌تی: گـوێم لـه‌ پێغه‌مبـه‌ری خـواﷺ بـوو ده‌یفـه‌رمو: ((**وَيـلٌ للـذي يَحْـدِثُ بالحـديث لِيُضْحِكَ بِهِ القوم فَيَكْذِب ويلٌ له، ويَلٌ لـه**...ماڵ وێرانی‌و چاڵی دۆزه‌خ بۆ ئه‌و كه‌سه‌ی قسه‌ ده‌كات بۆ ئـه‌وه‌ی خـه‌ڵك به‌ پێكه‌نین بێنێ، له‌كاتێدا قسه‌كه‌ی درۆیه‌، جا پێغه‌مبـه‌ر دوو جار پێی ده‌ڵێ: ماڵ وێرانی بۆ ئه‌و كه‌سه‌)).

هه‌روه‌ها له‌ نه‌واسی كوڕی سه‌معانه‌وه‌، كه‌ گوتویـه‌تی: پێغه‌مبه‌ری خواﷺ فه‌رمویه‌تی: ((**كَبُرَتْ خِيانةً أنْ تُحَدِّثَ أخاك هوَ لك مُصَدِّقٌ، وأنتَ له كاذبٌ**...گه‌وره‌ترین خیانه‌ت

ئەوەیە، کە قسەی درۆ بۆ برا مسوڵمانەکەت بکەی، لە کاتێکدا ئەو باوەڕت پێبکات‌و وا بزانێ قسەکەت ڕاستە))(١).

هەروەها ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێ- گوتویەتی: پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی: ((**لا يؤمنُ العَبْدُ الايمانَ كلّه حتى يترك الكذب في المزاحة، والمراءَ وإنْ كان صادقاً** ...ئیمانی مسوڵمان بەتەواوی هەمووی دانامەزرێ، تا لە گاڵتەکردندا واز لە درۆ نەهێنێ‌و، واز لە دەمەتەقێ‌و موجادەلە نەهێنێ، ئەگەر چی ئەویش ڕاست بکات.

دەمێکە شتێکی زۆر ناشیرین خۆی خزاندۆتە ناومان‌و ئێمەش بە پێشوازیەکی گەرمەوە قبوڵمان کردووە، ئەویش درۆی نیسانە، کە لەڕاستی دا ئەمە ڕەفتارێکی بەدکاری ناشیرینی ڕۆژئاوایە بۆ ئێمەیان ناردووە، تا ڕەوشتی ئێمە بڕوشێنن. کە لەڕاستیدا ئەم درۆکردنە حەرامێکی گەورەیە‌و گاڵتەکردنێکی ناحەقە، پێویستە خۆمان‌و ماڵ‌و منداڵمان لێی بەدوور خەین‌و بەقسەی ڕاستگۆیانە

---

١) رواه احمد وابو داود.

کردارەکانمان برازێنینەوەو، تەقواو لەخوا ترسان هەردەم دڵمان بگەشێنێتەوە.

با ئێستاش بزانین، ئایا پێغەمبەر ﷺ سوعبەت و گاڵتەی کردووە؟

بەڵێ، گاڵتەی کردووە، بەڵام ئەوەی ڕاست نەبووبێ نەیگوتووە، ئەمەش نموونەی گاڵتەکردنی پێغەمبەرە:

ئیبن بەکار لە زەیدی کوڕی ئەسلەم دەگێڕێتەوە، کە ژنێك هەبووە پێیان دەگوت (أم أَيْمَن الحبشية)، هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و گوتی: مێردەکەم بانگت دەکات، پێغەمبەریش فەرمووی مێردەکەت کێیە؟ مێردەکەت ئەو پیاوەیە کە سپیایی بە چاوییەوەیە؟

ژنەکەش گوتی: چاوی سپیایی پێوە نیە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نەخێر سپیایی بە چاوییەوەیە.

ژنەکە گوتی: بەخوا سپیایی بە چاوییەوە نیە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هیچ کەسێك هەیە سپیایی بە چاوییەوە نەبێ. (مەبەستی پێ سپیایی ناوەوەی چاو بووە).

هەروەها ترمذی لە حەسەنی بەسری -ڕەزای خوای لێبێ- دەگێڕێتەوە، کە گوتویەتی: پیرەژنێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا دوعام بۆ بکە خوای بەخشندە بمباتە بەهەشت.

پێغەمبەر فەرموی: دایکی فلان! پیرەژن ناچێتە بەهەشت.

گوتی: پیرەژنەکە بەگریانەوە ڕۆیشت.

جا پێغەمبەر فەرموی: (پێی بڵێن ئەو بە پیرەژنی ناچێتە بەهەشت، بەڵکو بە گەنج و لاوی دەچێتە بەهەشت).

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَنشَأْنَٰهُنَّ إِنشَآءً ﴿٣٥﴾ فَجَعَلْنَٰهُنَّ أَبْكَارًا ﴿٣٦﴾ عُرُبًا أَتْرَابًا ﴿٣٧﴾﴾ الواقعة. ئێمە خۆمان کیژەکانمان بەتایبەتی بەرهەم هێنا، بڕیارمان بۆدان هەر کچ بن، شۆخ و شەنگ و هاوتەمەنن﴾.

ئـەدەب و ئاکـاری مسـوڵمان
لـە پیـرۆزبایی کـردنـدا

لە ڕەوشتی جوانی مسوڵمان ئەوەیە، کاتێـك برایـەکی مسوڵمان ژن دێنی، یان خوشکێکی مسوڵمان شوو دەکات، یـان خـوا منـداڵێکی پێدەبەخشێ ...هتـد، پیرۆزبـایی لـێبکرێ.

جا پیرۆزبایی کردن چەند ئادابێکی هەیە وەك:

أ- کاتێك مسوڵمانێك خۆشیو شادیەك ڕووی تێدەکات، دڵخۆشی خۆتی بۆ بەدەرخەیو گرنگی پێبدەی:

بەڵگەشمان ئەوەیە، کە لە (صحیح)ی بوخاری موسـلیم داهاتووە، کەعب دەڵێ: گوێم لە دەنگێك بوو هاواری دەکرد بە بەرزترین دەنگو دەیگوت: ئەی کەعبی کـوڕی مالـك! مـژدەت لــێبێ، جـا خەڵکەکـە ئـەهاتن پیرۆزباییـان لــێدەکردینو یەکـسەر مـن دەرچـووم، تـا بگەمـە لای

پێغەمبەری خوا ﷺ، پۆل پۆل خەڵك پیرۆزبایی قبوڵكردنی تەوبەیان لـێكردم، دەیانگوت: تەوبـە قبوڵكردنـت لـەلای خواوە پیرۆز بێ، تا گەیشتمە مزگەوتو بینـیم خەڵكەكـە بەدەوری پێغەمبەرن، جا یەكسەر تەلحەی كوڕی عبیـدالله بە غاردانەوە هاتە لامو تەوقەی لەگـەڵ كـردمو پیرۆزبـایی لـێكردم، (كەعب ئەم هەڵوێستەی تەلحەی هـەرگیز لـەبیر ناچێ) كەعب گوتی: كاتێك سەلامم لە پێغەمبـەری خـوا ﷺ كرد لە خۆشیانا دەموچاوی ئەدرەوشایەوەو فـەرموی: ((أبشِر بخير يوم مَرَّ عليك منذُ وَلَدتْكَ أمُكَ: مژدە بێ لێت بە چـاكترین ڕۆژ، كـە بـە سـەرت تێپـەڕبووە لـەو ڕۆژەی لەدایك بوویی)).

ب- لەكاتی بۆنەو موناسـەبەدا وشـەی جـوانو ناسـك دەربڕینو دوعای خەیـركردن:

ئیسلامی بەرنامە دارێژراوی پـەروەردگاری جیهانیـان، هیچ شتێكی كۆمەڵایەتی فـەرامۆش نـەكردووە، تەنانـەت قسەو وشەو دوعای جوانو ناسـكی دانـاوە بـۆ پیرۆزبـایی كردن، كە پێویسـتە مسوڵمانان لەبیری نەكەنو لە ژیانیاندا

پەیڕەوی بکەن و خەڵکیش لـێ فێربکەن. لەمانەش وەك:

١/ پیرۆزبایی کردنی یەکێك گەر خوا منداڵی پێبەخشین:

گەر خوا منداڵێکی بە مسوڵمانێك بەخشی، وا چاکە پیرۆزبایی لـێبکەی و بڵێی: (**بُورِك لَكَ الموهوبُ، وَشَكَرْتَ الواهبَ، وَرُزِقْتَ بِرَّهُ، وَبَلَغَ أشُدَّهُ**)). وا باشە ئەو کەسەی پیرۆزبایی لـێدەکرێ وەڵامی بداتەوە، بڵـێ: ((**بارك الله لَكَ، وبارك عَلَيكَ، وَرَزَقَك مِثْلَه**)). ئەم جۆرە پیرۆزباییە لە حوسەینی ئیمام عەلی و ئیمام حەسەنی بەسری گێڕراوەتەوە.

٢- پیرۆزبایی کردن لەو کەسەی لە سەفەر هاتۆتەوە:

ئەو کەسەی لە سەفەر دێتەوە، واباشە ئەم قسەیەی پێ بڵێی وەك، کە لە پێشینەوە گێڕراوەتەوە: ((**الحمدلله الذي سَلَّمَك، وَجَمَعَ الشَّمْلُ بِكَ وأكرمك**)).

٣- پیرۆزبایی کردن لەو کەسەی لە مەیدانی جیهاد دێتەوە:

ئەو کەسەی کە لە جیهاد دەگەڕێتەوە، وا باشە پێی بگوترێ: ((**الحَمْدُ لله الذي نَصَرَكَ، وأعَزَّكَ وأكرَمك**)). وەك

خاتوو عائیشە بە پێغەمبەری ﷺ فەرمووە کاتێك، کە لە جیهاد گەڕاوەتەوە، موسلیمو نەسائیو غەیری ئەوانیش لە خاتوو عائیشە دەگێڕنەوە، کە گوتویەتی: ((كانَ رسول الله ﷺ في غزوٍ، فَلَما دَخَلَ استقبلتهُ فأخَذْتُ بيده فقلت: الحمدلله الذي نصرك وأعزكَ وأكرمكَ ...پێغەمبەری خوا لە جەنگێك گەڕایەوە، کاتێ هاتەوە پێشوازیم لێکردو دەستیم گرتو گوتم: سوپاس بۆ خوا کە سەری خستیو بە عیززەتی کردیو ڕێزی گرتی)).

٤- پیرۆزبایی کردن لەو کەسەی کە لە حەج دێتەوە:

ئەو کەسەی لە حەج دەگەڕێتەوە، وا باشە پێی بگوترێ: (قَبَّلَ الله حَجَّكَ، وَغَفَر ذَنْبَكَ، وأخْلَفَ نَفَقَتَك) ئەم جۆرە پیرۆزباییە، پێغەمبەری خوا بە کوڕێکی گوتوە، کە لە حەج گەڕاوەتەوە، ابن السني لە ئیبن عومەر گێڕاویەتیەوە.

٥- پیرۆزبایی کردنی ژن هێنانو شووکردن:

کاتێك کە مارەی کچو کوڕێك دەبڕڕێ، وا باشو سوننەتە، کە پیرۆزباییان لێبکرێو بگوترێ: ((بارَكَ الله

لـكَ، وبـارك عليْـكَ، وَجَمَـعَ بيْنَكُمـا في خيْـرٍ)). ابـو داود وترمـذي وغەيری ئەوانيش لە ئەبو هورەيرە -ڕەزای خـوای لێبێ- دەگێڕنەوە، کە کاتێك يـەكێك ژنـی بهێنايـە، يـان شووی بکردبايـە، پێغەمبـەر ﷺ ئەيفـەرمو: ((بـاركَ الله لكَ، وبارِكَ عليْكَ، وَجَمع بينكما في خير)).

٦- پیرۆزبایی کردن لە کاتی جەژندا:

وا باشـە لـەدوای نوێـژی جـەژن مـسوڵمان بـە بـرای مسوڵمانی بڵێ: ((تَقَبَل الله منّا ومِنْكَ... خوا لـە ئێمـەو ئێوە وەربگرێ) بەرامبەرەکەشی هەمان شتی وەڵام داتەوە.

٧- گەر کەسێك چاکەی لەگەڵ کـردی وا چـاكو سـوننەتە پێی بڵێی: (بـارك الله لك في أهلـك ومالـك، وجزاك الله خيْراً).

ئەمەش وەك نەسائیو ئیبن ماجە لە عبداللـەی کـوڕی ئەبی ربيعەيان گێڕاوەتەوە، کە گوتويەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ چل هەزاری لـێ قەرز کردم، کاتێـك کـە پـارەی بـوو قەرزەکـەی دامـەوە فـەرمووی: ((بـارك الله لـك في أهلـك ومالك، إنما جزاء المُسْلَفِ الحَمْدُ والثنـاء ...خوا بەرەکـەت

بهاویێته ماڵو منداڵتو سامانت، بەڕاستی پاداشتدانەوەی قـەرزدەر سـوپاسو سـتایش کردنیـەتی)). ترمـذي لــە ئوسامەی کوڕی زەید -ڕەزای خوای لێبێ- دەگێڕێتـەوەو ئەویش لە پێغەمبەری خوا ﷺ، کـە فەرمویـەتی: ((مَـنْ صَنَعَ اليه مَعْروف فقال لفاعله: (جزاك الله خيرا)، فقد بلَغ في الثنـاء ...هـەر کەسـێك چـاکەیەکی لەگـەڵ کـراو بـە چـاکەکەرەکەی گـوت: (خـوا پاداشـتت بداتـەوە) ئـەوا سوپاسو ستایشی کردووە)).

ج- لەگەڵ پیرۆزبایی کردن واباشە دیاری پێشکەش بکرێ:

گەر خوا منداڵی بە کەسێك بەخشی، یان ژنـی هێنـاو شووی کرد، واباشە دیاری پێشکەش بکرێ، وەك لە چـەند فەرمودەیەکی پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بـۆ کـراوەو هـانی لەسەر داوە لەمانە:

- لە خاتوو عائیشەوە بـە مـەرفوعی، کـەوا پێغەمبـەر ﷺ فەرمویەتی: ((تَهادوُا تحابّوا ...دیاری، بۆ یەکتری ببەن، یەکتریتان خۆش دەوێ))[1].

---

١) رواه الطبراني في الاوسط.

• لە ئەبوهورەیرە بە مەرفوعی: ((تَهادوا فإنَّ الهدية تَذْهَبُ وَحَرَ الصَدْرِ ...دیاری پێشکەشی یەکتری بکەن، چونکە دیاری ڕق و قینی دڵ ناهێڵێ))[1].

• لە ئەنەسەوە بە مەرفوعی: ((عليْكُم بالهدايا فإنَّها تُورثُ المودة. وتَذْهَبُ الضَغائن ...دیاری پێشکەش بە یەکتری بکەن، چونکە دیاری دەبێتە مایەی خۆشەویستی و ڕق و قین لەدڵ ناهێڵێ))[2].

سەبارەت بە دیاری بردن دیاردەیەکی سەیر لە کۆمەڵگەی ئێمە دەبینرێ ئەویش ئەوەیە، کە خێزانێک.. ماڵێک.. کەسێک خۆی ئەخاتە ژێر باری قەرزەوە، لە ڕاستیدا ئەمە پێچەوانەی ڕێنموویەکانی پێغەمبەرە ﷺ. مەرج نیە هەر دەبێ شتێک گرانبەها بێت، یان پارەیەکی زۆر بێ، بەڵکو ئەمە شتێکی ڕەمزییە، کەوا تۆ خۆشەویستی خۆتی بۆ دەردەبڕی، نەک خۆ خستنە ژێر باری قەرزێک، کە خۆت حەزی پێناکەیت و لە شەرمی ڕوان ئەم دیاریە گرانبەهایە پێشکەش دەکەیت.

---

١) رواه البخاري في الادب المفرد واحمد.

٢) رواه الديلمي.

ئـەدەب و ئاکـاری مسوڵمانان
لە کاتی سـەردانی نەخـۆشـدا

مـسوڵمانان کـە بەڕاسـتی بـرای یـەکترین، وەك یـەك جەستەو لـەش وان، کـە کاتێـك ئەنـدامێکی ئـەم لەشـە دەکەوێتە ئازار، گشت ئەندامـەکانی تـر ئەکەونـە ئـازار. مسوڵمانیش تا لە ژیان دابێ، تووشی نەخۆشیو نەسـاغی دەبێ. نەخۆشیش وەك هەموو کەس دەیزانێ، پێویستی بە سـەردانو دڵدانـەوەو دڵ ڕاگـرتن هەیـە، تـا ئـازاری نەخۆشیەکەی لەسەر کەم بێتەوە.

جـا بـۆ چـوونە لای نـەخۆش، ئیـسلام ئـەم بەشەشـی فەرامۆش نـەکردووە، بـەڵکو چـەند ئـادابو ڕەفتـارێکی دانـاوە، پێویـستە مـسوڵمانان بۆخۆیـان بـە گـشتیو منداڵەکانیشیان لـێ فێر بکەن.

ئادابەکـانیش ئەمانەن:

أ- پەلەکردن لە سەردانی نەخـۆش:

کاتێــك مــسوڵمانێك دوچــاری نەخۆشــی دەبــێ، وا پێویــستو چــاکە، یەکــسەر بــچێتە ســەردانی، وەك پێغەمبــەر ﷺ فەرمویــەتی: ((إذا مَـرِضَ فَعِـدْهُ ...گـەر مسوڵمانێك نەخۆش کەوت، یەکسەر سەردانی بکە)).

ب- کـەم مانەوە لای نەخـۆش:

لە ڕەوشتی جوانی مسوڵمان لەکاتی سـەردانی بـۆ لای نەخۆش ئەوەیە، کە زۆر لەلای نەمێنێتەوە، بەتایبەتی گەر نەخۆشەکە ئافرەت بوو. بەڵام گەر نەخۆشەکە حاڵەتی باش بوو، سەلیقەی قسەکردنی هەبوو، ئـەوا قەیناکـە زۆریـش لەلای بمێنێتەوە، واچاکە ڕۆژێك نا ڕۆژێك سەردانی نەخۆش بکرێت، گەر حاڵەتی چاك بوو.

ج- دوعــاکردن بۆ نەخـۆش:

کاتێك دەچیتە لای نەخۆشێك، واباشە دوعــای شــیفای بۆ بکـەی، وەك ئـەم دوعایـەی، کـە پێغەمبـەر ﷺ بـۆ نەخۆشــی کــردووە. لــە خــاتوو عائیــشەوە -ڕەزای خـوای لێبێ-، کە کاتێك پێغەمبەر ﷺ خێزانی نـەخۆش بـووە،

چووەتە لای‌و دەستی ڕاستی بەسەردا هێناوەو فەرمویەتی: ((اللّهم رَبَّ الناس. أذهَبْ البأس، إشفِ أنتَ الشّافي لا شِفاء إلاّ شِفاؤكَ، شِفاءً لا يُغادِرُ سَقَماً ...خوایە ئەی پەروەردگاری خەڵك، نەخۆشی لادە. شیفا بنێرە هەر تۆ شیفادەری‌و هیچ شیفایەکی نەخۆش نیە، جگە لە شیفای تۆ، شیفایەك بنێرە كە نەخۆشی بە دواوە نەبێ))[١].

هەروەها ئیبن عەباس گوتویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((مَنْ عاد مريضاً لَمْ يَحْضُرْهُ أجَلُهُ فقالَ عِنْدَهُ سَبْع مراتٍ: (أسأل الله العظيم ربُّ العرش العظيم أنْ يَشْفيك إلاّ عافاهُ الله مِنْ هذا المرضْ)) ...هەر كەسێك سەردانی نەخۆش بكات، بەمەرجێ ئەجەلی نەهاتبێ، حەوت جار بڵێ: ((أسأل الله العظيم رب العرض العظيم أن يشفيك ...لە خوای بەرزو مەزن داوا دەكەم، كە خوای عەرشی گەورەیە شیفات بۆ بنێرێ))، ئەوا خوای گەورە لەم نەخۆشیە چاكی دەكاتەوە))[٢].

---

١) بوخاری‌و موسلیم گێڕاویەتیانەوە.

٢) ئەبوداودو حاكم‌و ترمذي گێڕاویەتیانەوە.

با ئێمەش هەردەم دوعایەنەمان لەیادبێ تا پاداشتی خوا بەدەست بێنین‌و دڵنەوایی نەخۆشەکان بین.

د- دەست خستنەسەر شوێنی ئازارەکەو دوعا خوێندن بەسەریدا:

لە ئەبی عبداللّەی عوسمانی کوڕی ئەبی العاصەوە، کەوا لە لەشیدا، شوێنێکی ئازاری هەبووەو، بە پێغەمبەری ﷺ فەرموە، کە ئەم ئازارەی هەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمو: ((ضَعْ يدكَ على الذي يألَمُ من جسدكَ قلْ: بسمِ الله – ثلاثاً- وقلْ سَبْعَ مراتٍ: أعوذ بعزةِ الله: دەستت لەسەر ئەو شوێنە دابنێ کە ئازار بە لەشت ئەگەیەنێ سێ جار بڵێ: بسم الله و حەوت جاریش بڵێ: (أعوذُ بعزة الله وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ ما أجِدُ وأحاذِرُ ...پەنا دەگرم بە عیزەت‌و هێزو توانای خوای گەورە لە خراپەی ئەو شتەی کە هەمەو حەزەریش وەرنەگرم))[١].

---

١) موسیلم گێڕاویەتیەوە.

ه- وا چاكـە لە ئەحواڵی نەخۆش پرسیار بكەی:

لە ئیبن عەباسەوە كەوا عەلی كوڕی ئەبی تالب -ڕەزای خوای لێبێ- **((خَرَجَ مِنْ عند رسول الله ﷺ في وَجْعِهِ الذي توفي فيه عليه الصلاة والسلام، فقال الناس: يا أبا الحسن كيف أصبح رسـول الله؟ قـال: (أَصْبَحَ بِحَمْدِ الله بارِئـاً)** ...لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ هاتـە دەرەوە، كـە نـەخۆش بوو بەو نەخۆشیەی، كە گیـانی پێ‌سـپارد. جـا خەڵكەكـە گوتیان: ئەی باوكی حەسەن! پێغەمبەری خـوا ﷺ حـاڵی چۆنە؟ گوتی: سوپاس بۆ خوا چاكە))[١].

و- واچاكـە لەلای سەری نەخۆش دابنیشـی:

ئەمەش وەك كە پێغەمبـەر ﷺ ئـاوای ڕەفتـاركردووە، وەك ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێ- گوتویەتی: كاتێك پێغەمبەر ﷺ سەردانی نەخۆشی دەكرد، لـەلای سـەریەوە دادەنیشت و پاشـان حـەوت جـار ئەیفـەرمو: **((أسـأل الله العظيم رب العرش العظيم أن يشفيك))**، جا گەر ئەجـەلی

---

١) بوخاری گێڕاویەتیەوە.

دوا بخرێ، ئەوا لەم نەخۆشییەی چاك ئەبێتەوە[١].

ز- دڵدانەوەی نەخۆش و ئاوات خواستن بە چاکبوونەوەو تەمەن درێژی:

ئەم سیفەتە دڵرفێنە کاریگەریەکی بە تینی هەیە لەسەر دڵ و دەروونی نەخۆش، هەروا دەبێتە دڵخۆشکردنی و هیوا پێدانی.

ئەبی سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێ گوتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((**إذا دَخَلْتُمْ علی مريضٍ فَنَفِّسوا له أجَلهُ (بِطول العمر)، فإنَّ ذلك لا يَرِدُ شيئاً، وَيَطيبُ نَفْسَهُ** ...گەر چوونە لای نەخۆش داوای تەمەن درێژی بۆ بکەن، چونکە ئەمە هیچ شتێك ڕەت ناکاتەوەو دڵیشی پێ خۆش دەبێ))[٢].

هەروا لە حەدیسی ئیبن عەباسدا هاتووە، کە بە نەخۆش دەگوترێ: ((**لا بأس طهور إنشاء الله** ...قەیناکە إن شاء الله بوەتە مایەی پاککردنەوەی گوناهەکان)).

---

١) بوخاری لە (الادب المفرد)، گێڕاویەتیەوە .

٢) ترمذي و ئیبن ماجە گێڕاویەتیانەوە.

ح- واچاکە داوای دوعــا لە نەخۆش بکەیت:

وەك ئیبن ماجەو ئیبن السني لە عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێ دەگێڕنەوە، کە گوتویەتی: پێغەمبەری خــوا ﷺ فەرمویــەتی: ((إذا دَخَلْـتَ علـى مـريضٍ فَمُــرْهُ فَلْيَدْعُ، فإنَّ دُعاءَهُ كَدُعاء الملائكـة ...گـەر چـوویتە لای نەخۆش پێی بڵێ دوعات بۆ بکات، چونکە دوعاکەی وەك دوعای فریشتەکان وایە)).

گ- گـەر نەخۆشـێك لە حاڵەتی گیاندان بـوو (لا إلــه إلا الله)ی بیــربخرێتەوە:

ئەبی سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێ- گوتویەتی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((لَقِنـوا مَوْتـاكُمْ لا إلـه إلا الله ...ئەو نەخۆشانەی کە لە حاڵەتی مردنـدان پێیـان بڵێن: (لا إله إلا الله) بڵێن))[1].

هەروەها مەعازی کوڕی جەبەل -ڕەزای خوای لێبــێ - گوتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ((مَنْ كان آخِـرُ كَلامـه لا

---

١) موسلیم گێڕاویەتیەوە.

إله إلا الله دَخَل الجنّة ...هەرکەسێك لـەکاتی گیانـدانی، کۆتا قسەی لا إله الا الله بێت، دەچێتە بەهەشت))[١].

١) ئەبو داودو حاكم گێڕاویەتیانەوە.

ئـەدەب و ئاکـاری مسـوڵمان لە پرسـەو تەعزیـەدا

پرسەو سەرەخۆشـی چـەند یاسـاو ئـادابێکی تایبـەتی هەیە، کـە پێویـستە مـسوڵمان پـەیرەوی بکـەن و خۆیـان دوورخەنەوە لە ئاکارو داب‌ونەریتە نەفامیەکانی ئەمڕۆ.

یاساو ئادابەکانیش ئەمانەن:

أ- دوعـاکردنی پاداشـتدانەوە بۆ خاوەن پرسـەکە:

ئیمـامی نـەوەوی لـە کتێبەکـەی (الاذکـار)دا دەڵـێ: باشترین قسە، کە بە خاوەن مردوو بگوترێ ئەوەیە، کە لـە (صحیح)ی بوخاری موسلیمدا هاتووە، لە ئوسامەی کوری زەیدەوە، کە گوتویەتی: (یەکێك لە کـچەکانی پێغەمبـەر ﷺ نێردرایە لای پێغەمبەر ﷺ تا بـانگی بکـەن و پێـی بڵێن منداڵێکی گـچەکەی لەسـەر مردنـە. پێغەمبـەریش فەرموی بگەڕێوە لای و پێی بڵێ: ((إنّ لله ما أخذ، وَلَهُ ما أعطى. وكُلّ شيءٍ عِنْدَهُ مُسَمّى، فَمُرها فَلْتَصْبِر ولْتَحْتَسِب

...خوای گەورە بۆی هەیە، ئەوەی هەیە بیباتەوە، وە بۆیشی هەیە، کە ببەخشێ، هەموو شتێکیش لای ئەو، ماوەی دیاریکراوە. جا پێی بڵێ با ئارام بگرێ و داوای پاداشت لە خوا بکات)).

ئیمامی نەوەوەی دەڵێ: شێوازی پرسەنامە هیچ حەرامی تێدا نیە، بە هەر چ شێوازێك پرسە دەکەی، دروستە. بەڵام وا باشترە لە پرسەی مسوڵمان بگوترێ: ((أعظَمَ اللهُ أجْرَك، وَأحْسَنَ عَزاءَكَ، وَغَفَرَ لِمَيتِك))، واباشە پرسەکردنی مسوڵمان بۆ کافر بەم شێوەیە بگوترێ: ((أعظم الله أجرك، وأحسن عَزاءكَ)).

ب- بەباشدانانی چێشت دروستکردن بۆ خاوەن مردوو:

بۆ پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئیسلام بە باشی داناوە، کە خواردن بۆ ماڵی خاوەن مردووەکە بکرێت، چونکە ماڵە مردووەکە لەبەر دڵتەنگی و خەمباریان، لەوانەیە نەتوانن بەم کارە هەڵسن. ئەمەش بە پێی ئەو گێڕانەوەی، کە ئەبوداود و ئیبن ماجەو ترمذي لە عبداللّەی کوڕی جەعفەر گێڕاویەتیانەوە، کە گوتویەتی: پێغەمبەری

خوا ﷺ فەرمویەتی: ((اِصْنَعُوا لآلِ جَعْفَرَ طَعاماً فإنَّهُ قَدْ أتاهُمْ أمرٌ يَشْغَلُهُمْ ...خواردن بۆ ماڵی جەعفەر[1] دروستکەن، چونکە ئەوان شتێکیان بەسەر هاتووە، کە وای لێکردوون سەرقاڵ بن و نەتوانن چێشت دروستکەن)).

ج- بەدەرنەخستنی دڵ خۆشیو ڕووخۆشی بەرامبەر ئەو کەسانەی، کە پرسەنامەیان لێدەکەی، یان دڵیان دەدەیەوە:

لەکاتێك یەکێك دەمرێ مسوڵمانی پابەندی دینی خوا، هەرگیز کارێکی وا ناکات کە خەڵك بە سوکی سەیری بکەن و بە خراپە باسی بکەن و ئیسلامیشی پێ ڕەش و ناشیرین بکات، بەڵکو لەم کاتەدا دڵنەوایی کەسوکاری مردووەکە دەداتەوە چ بە ئایەت بێ، یان بە فەرمودە شیرینەکانی پێغەمبەر ﷺ، یان بە بەسەرهاتێکی واقیعیانەی ئیسلامی. لەم کاتانەشدا پێناکەنێ و تەنانەت خەندەشی نایەتە سەر لێو و قسەی پڕوپووچ ناکات و نوکاتی پێکەنین هێنەر ناکات.

---

١) جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب لە جەنگی (مۆتە) شەهید بوو.

هـــەروەها بـــە شـــێوازێکی نـــەرم و نیـــان و کارامـــەو لێهاتوانەو بە دڵێکی پڕ لە تەقواوە ئامۆژگاری ئامادەبوان دەکات.

ئـەدەب و ئاكـاری مسـوڵمـان لە كاتی پژمین و باوەشـك دان

لەو ئادابو ڕەفتارە جوانانەی ئیسلامی خۆشەویستمان بۆی داناوین، كە لەناو كۆمەڵگا پیادەی بكەین، ئـادابی پژمینو باوەشكە، كە پێویستە خۆمـانو منداڵەكانیشمان فێـر بكـەین بـەو شـێوەیەی، كـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕێنمویی كردووە.

أ- كاتێك مسوڵمانێك دەپژمێو دەڵێ: الحمدلله پێویستە پێی بڵێی يَرْحَمُكَ الله ، ئـەویش بڵـێ: يَهْدِيكُمُ اللهُ ويُصْلِحْ بالَكُمْ.

ئەمەش بە پێی ئەم گێڕانەوەی، كە بوخـاری لـە ئـەبو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێ- گێڕاوەتـەوە، ئـەویش لـە پێغەمبـەر ﷺ، كـە فەرمویـەتی: ((إذا عطس أحدكم فَلْيَقُلْ: الحمد لله، وَلْيَقُلْ أخُوهُ أو صاحِبُهُ: يَرْحَمُكَ الله، فإذا قالَ لَهُ، يَرْحَمُك الله، فَلْيَقُلْ يَهديكم الله وَيُصْلِحْ بـالَكُمْ))،

وە لە گێڕانەوەیەکی ئەبو داودو ترمذي هاتووە، کە بڵێ: ((يَغْفِرَ اللهُ لَنا وَلَكُم)).

ب- ئەو کەسەی دەپژمێ، گەر نەیگوت (الحمد لله) تۆ پێی ناڵێی یرحمك الله:

ئەمەش وەك موسلیم لە ئەبی موسا -ڕەزای خوای لێبێ- گێڕاوەتیەوە، کە گوتویەتی: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: **((إذا عطس أحدُكم فحمد الله فَشَمِّتوهُ، فإذا لَمْ يَحْمَدِ الله لا تُشَمِّتُوهُ** ...گەر یەکێك لە ئێوە پژمی و سوپاسی خوای کرد، واتە: گوتی **الحمدلله**، ئێوەش دوعای پژمینی بۆ بکەن، واتە بڵێن: **یرحمك الله**، بەڵام گەر پژمی و نەیگوت **الحمدلله**، ئەم دوعایەی بۆ مەکەن)).

هەروەها بوخاری و موسلیم لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێ- دەگێڕنەوە، کە گوتویەتی: **((عَطَسَ رَجلانِ عِنْدَ النبّي ﷺ فَشَمَّتَ أحدَهُما وَلَمْ يُشَمِّتَ الأخر. فقال الذي لم يُشَمِّتْهُ: عَطِسَ فلان فَشَمَّتَّهُ وعَطَسْتُ فَلَمْ تُشَمِّتْني؟ فقال عليه الصلاة والسلام: هذا حَمَدَ الله، وَأنتَ لَمْ تَحمَدِ الله:**

دوو پیاو لەلای پێغەمبەر پژمین، یەکێکیان گوتی: الحمدلله و دوعای پژمینی بۆکرا. بەڵام ئەوی دی نەیگوت: الحمدلله و دوعای پژمینی بۆ نەکرا. جا ئەو کەسەی دوعای پژمینی بۆنەکرا گوتی: فلانەکەس پژمی و دوعای پژمینی بۆکرا، کەچی من پژمیم و دوعام بۆ نەکرا؟

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (چونکە پیاوەکەی دی، کە پژمی گوتی: الحمدلله، بەڵام تۆ سوپاسی خوات نەکرد.

جا وا باشە گەر یەکێك پژمی و نەیگوت الحمدلله بە بیری بهێنرێتەوە، کە ئایا سوپاسی خوای کردووە، یان نا.

ج- لەکاتی پژمینا واباشە دەست، یان دەستەسڕێك بخرێتە سەر دەم، بە گوێرەی توانا نەهێڵرێ دەنگی زۆر بێت.

ئەمەش وەك پێشەوای ئازیزمان محمد ﷺ ئەم ڕەوشتە جوانەی لەخۆی هێناوەتە دی، وەك ئەبو داودو ترمذي لە ئەبو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێ- گێڕاویەتیانەوە، کە گوتویەتی: ((كان رسول الله ﷺ إذا عطس وَضَعَ يَدَهُ أو ثَوْبَهُ على فَمِهِ. وَخَفَض- أو غَضَّ- بها صَوتَهُ

...پێغەمبەری خوا گەر پژمیبایە دەستی، یان کراسەکەی دەخستە سەر دەمی‌و دەنگی نزم دەکردەوە)).

هەروەها ئیبن السني لە عبداللهی کوڕی زوبەیری دەگێڕنەوە، کە گوتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((إنَّ الله عزَّ وجلَّ يَكْرَهُ رَفْعَ الصوت بالتثاؤبِ والعَطّاس ...خوای بەرزو مەزن پێی ناخۆشە لەکاتی باوەشك‌و پژمیندا دەنگ بەرز بکرێتەوە)).

لەڕاستیدا زۆر کەس هەن لەناو مەجلیسێك، یان لەلای هەر کەسێکدا کاتێك دەپژمێ بە شێوەیەکی ناشیرین دەنگی بەرزدەکاتەوە، تەنانەت پرپشکی پژمینەکە ئەدات بەدەوروبەریدا، دیارە ئەمە ئاکارێکی ناپەسەندو ڕەفتارێکی سوکە، خوای گەورە حەز بەو کارە ناکات.

د- گەر یەکێك لە سێ‌جار زیاتر بپژمێ پێی نالێن: يرحمك الله.

وەك موسلیم‌و ئەبو داودو ترمذي لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەع -ڕەزای خوای لێبێ- دەگێڕنەوە، کە گوتویەتی: ((عَطَسَ رجُلٌ عِنْدَ رسول الله ﷺ وأنا شاهِدٌ، فقال رسول

الله ﷺ: يرحمك الله، ثم عَطس الثانية أو الثالثة، فقال رسول الله ﷺ يَرحمك الله، هذا رَجُلٌ مزكوم ...پیاوێك لەلای پێغەمبەر پژمیو منیش لەوێ ئامادەبوومو ئاگام لێبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: يرحمك الله، پاشان بۆ دووەمینو سێیەم جار پژمی‌یەوە، دیسان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: يرحمك الله، ئەم پیاوە توشی هەڵامەت بووه)).

لەبەرئەوە گەر یەکێك لە پاش سێجار پژمی پێی ناگوترێ: يرحمك الله. وەك ئیبن السني لە ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە، کە دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرمو: ((اذا عَطَسَ أحدكم فَلْيُشَمِّتْهُ جليسُهُ، واذا زادَ عَنْ ثلاثة فَهُوَ مزكوم، وَلاَ يُشَمَّتْ بَعْدَ ثلاثٍ: گەر یەکێك لە ئێوە پژمی با ئەوەی لەگەڵی دانیشتووە، پێی بڵێ: يرحمك الله، بەڵام گەر لە سێجار زیاتر پژمی ئەوە تووشی هەڵامەت بووە، یەکێکیش لە پاش سێ جار بپژمێ، پێی ناگوترێ يرحمك الله.

هـ- گــەر نامــسوڵمان پــژمی وا باشــە پــێی بڵــێی: (یهدیکـم الله):

ئەمــەش وەك ئــەبو داودو ترمــذي لــە ئــەبو موســای ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێ- دەگێڕێتەوە، کە گوتویەتی: **((کان الیَهود یَتعاطـسون عِنـدَ رسـول الله ﷺ یرجـون أن یقـول: یرحمـك الله، فیقـول: یهـدیکم الله ویـصلح بـالکم** ...جولەکەکان لە لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەپــژمین و بــە ئاوات بون پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵــێ: **یرحمـك الله**، واتــە: خــوا ڕەحمتــان پێبکــات. بــەڵام پێغەمبــەری خــوا ﷺ دەیفەرمو: **((یهـدیکم الله ویـصلح بـالکم))**، واتــە: خـوا هیدایەتتان بدات و ئەحواڵتان باش بکات)).

و- گەر ئافرەتێکی نامەحرەم پژمی، واباشترە، کە پــێی نەڵــێی: (یرحمك الله)

بۆچــونی زۆر لــە زانــاو موجتەهیــدان ئەوەیــە، گــەر ئافرەتێکی بێگانە (نامــەحرەم) واتــە: (جگــە لــە دایــك و خوشك و ژن و پوورو کچەزاو ژنی باوك) بپژمێ، کەراهەتی

هەیە بە ڕادەیەکی حەرام کـە پیـاوی بێگانـە پـێی بڵـێ: یرحمك الله. بەڵام گەر ئافرەتەکە پیر بوو ئەوەیان قەیناکـە. دیارە ئەمەش بۆیە کەراهـەتی هەیـە، تـا دەرگـای ڕێگـا خۆشکردنی گوناهو تاوان داخرێ.

ئیبن الجوزی دەڵێ: لە ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلـەوە وەرمان گرتووە، کە پیاوێکی خواناس‌و خواپەرسـت لـەلای بـووە، جـا ژنەکـەی ئیمـام ئەحمـەد پـژمیوە، پیـاوە خواناسەکەش پێی گوتوە: **یرحمك اللّه**، ئیمـام ئەحمـەدیش گوتویەتی: خواناسێکی نەزانە بەوەی، کە کەراهەتی هەیـە بە ئافرەتێکی بێگانە بگوترێ: **یرحمك اللّه**.

ئەمانەی باسکران سەبارەت بە پژمین بوو، بەڵام ئاداب‌و ڕەفتای مسوڵمان لەکاتی باوەشکدا بەم‌شێوەیەی خوارەوەیە:

أ- بـە گوێرەی توانـا نـەهێڵرێ باوەشـك بێتـەوەو دەم نەکردنـــەوە:

ئەم ئاداب‌و ڕەفتارەی ئێستا باسی دەکەین، ئاکـارێکی جوانی ئیسلامی کۆمەڵایەتییە، کە کەسی لـێ نابوێردرێ، کە ئەویش باوەشکە.

دیاره لەکاتی باوەشکدا دەم کردنـەوە، شـێوەی مرۆڤـ چەند ناشیرین دەکات و کەسایەتی مرۆڤـ دێنێتە خوارەوە.

جا بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبـەری خـوا ﷺ مەنهـەج و ڕێرەوی داناوە، تا مـسوڵمانان لەنێو خۆیاندا پیادەی بکەن و منداڵەکانیـشیان لـێ بەهرەمەنـد بکـەن و بـە خـەڵکی بسەلمێنن، کـە ئیـسلامە تاکـە بەرنامـەی شارسـتانیەت و ڕۆشنبیری، نەك ڕۆژئاوای بەناو ڕۆشنبیر.

ئـەبو هـورەیرە -ڕەزای خـوای لێبـێ- گوتویـەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (إنَّ الله يُحبُّ العَطّاسَ، وَيَكْرهُ التثاؤُبَ، فإذا عَطَسَ أحدكُمْ وحَمد الله تعالى، كان حقاً على كُلِّ مُسْلِم سَمِعَهُ أن يقول لَهُ: يرحمك الله، وأما التثاؤب فإنما هو من الشيطان، فإذا تثاءَبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَرُدَّهُ ما استطاع، فإن أحدكم اذا تثاءَب ضَحِك مِنْهُ الشيطان: خوای گەورە پژمینی خۆش دەوێ و حەزی بە باوەشك نیـە، گەر یەکێك لە ئێوە پژمی و گوتی: الحمدلله، ئـەوا لەسـەر هەر مسوڵمانێکە، کە گوێ بیستیەتی پێی بڵـێ: يرحمك الله، باوەشك هاتنەوە لـە لایـەن شـەیتانەوەیە، جـا گـەر

یەکێکتان باوەشکی هاتەوە، با بیگەڕێنێتەوە بە گوێرەی تواناو نەهێڵێ باوەشکی بێتەوە. چونکە کاتێك یەکێك لە ئێوە باوەشکی دێتەوە، شەیتان گاڵتەی پێ دەکاتو پێی پێ دەکەنێ))[1].

ب- گەر باوەشك هات دەست لەسەر دەم دابنێ:

ئەمەش وەك موسلیم لە ئەبی سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێ- دەگێڕێتەوە، کە گوتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((إذا تثاءَب احدكم فَلْيُمسك بيده على فَيه فإنَّ الشيطان يُدْخَلُ: گەر یەکێك لە ئێوە باوەشکی هات، با دەستی لەسەر دەمی دابنێ، چونکە شەیتان لەوێوە دەچێتە ژوورەوە)).

جا زۆر لە زاناو موجتەهیدان وای بەباش دەزانن، کە لەکاتی باوەشك هاتن لە نوێژدا دەست بخرێتە سەر دەم.

ج- دەنگ بەرزنەکردنەوە لەکاتی باوەشکدا:

وەك موسلیمو ئەحمەدو ترمذي گێڕاویانەتەوە، کە

١) بوخاری گێڕاویەتیەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((إن الله يحب العطاس ويكره التثاؤب فإذا تثاءَب أحدكم فلا يقل هاه ...هاه، فإن ذلك مِنَ الشيطان يَضْحَكُ مِنْهُ ...خوای گەورە پژمینی خۆش دەوێ‌و حەزی لە باوەشك نیە، جا گەر یەکێکتان باوەشکی هات، با نەڵێ: ها ها، چونکە ئەمە لە شەیتانەوەیەو پێی پێ‌دەکەنێ)).

ئیبن السيني لە عبداللەی کوڕی زوبەیرەوە دەگێڕێتەوە، کە گوتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((إنَّ الله عزّ وجلّ يكره رفع الصوت بالتثاؤب والعطاس ...خوای گەورە حەز بە باوێشك‌و پژمینی بەدەنگەوە ناکات)).

ئیتر لە کۆتاییدا داوا لە گشت مسوڵمانێك دەکەم، یەکەمیان لەخۆمەوە، بەم ئەدەب‌و ئاکارە جوان‌و بەرێزانەی ئیسلام، ئاکارو کردەوەکانمانی پێ برازێنینەوەو پەیوەندی کۆمەڵایەتیمانی پێ بەهێز بکەین.

هەڵبەت ئەم ئادابو یاساو ئاکارانەی ئیسلام، سەنگی مەحەکی مسوڵمانە، کە دەتوانێ لە کۆمەڵگەکەیدا پیادەی بکات‌و، بە خەڵکانی عەلمانی خۆ ناز بە

ڕۆشنبیری، بسەلمێنێ، کـە ئـەم ئاکـارو ئادابانـە پێـوەری ڕاسـتەقینەی ڕۆشـــنبیری‌و مەدەنیەتـە، نـەک زانـستێکی ڕوتی ڕەق‌و وشك.

داواکـــارم لـــە خـــوای بەخـــشندە کـــە دڵـــەکانمان... کردەوەکانمـــان... گوفتارمـــان.. ئاکـــارو ڕەوشـــتمان وا لـێ‌بکات بەپێی شـەریعەتە بێ‌وێنەکـەی خـۆی بکـات‌و، گوناهو تاوانەکانمان لەسەر شـان هـەڵگرێ‌و بیخاتـە سـەر شانی موشریکان‌و کافران‌و دوژمنانی خۆی.

ئێمـەش بـە بەهەشـتی ڕازاوەو دڵـڕفێن شـاد بکـات. ئامین.

* * *

ناوەرۆك

پێشەکی ٥
ئادابی ئیسلامی لە کۆمەڵگا ٧
١. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لەگەڵ خوادا. ١١
٢. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ ... ٢٣
٣. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لەگەڵ دایك و باوكی. ٣٢
٤. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لەگەڵ خزم و نزیکانی. ٤٦
٥. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لە میوانداری. ٥٥
٦. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لە بەکارهێنانی تەلەفۆن و موبایلدا. ٦١
٧. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لەکاتی نان خواردن. ٦٤
٨. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لەکاتی خواردنەوەدا. ٧٢
٩. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لە کاتی سلاو کردندا. ٧٦
١٠. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لە مۆڵەت وەرگرتن. ٨٣
١١. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لە کۆڕ و مەجلیسدا. ٩٣
١٢. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لە کاتی قسەکردندا. .... [illegible]
١٣. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لە گاڵتە و سوعبەتدا. ١٠٧
١٤. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لە کاتی پیرۆزباییدا. ١١٨
١٥. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لە کاتی سەردانی نەخۆشدا. ... ١٢٦
١٦. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمان لە کاتی تەعزیەدا. ١٣٤

١٧. ئەدەب و ئاکاری مسوڵمانان لە کاتی پژمین و باوێشکدان ١٣٨

سەرچاوەکان ١٤٩

نێوەڕۆک ١٥١